





# ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە




**تۆم گولبێری**

**وەرگێڕانی: ئیدریس ئیبراهیم**

**پێداچوونەوەی: عوسمان هەورامی**

## بەشی یەکەم

## پێشەکییەکی کورتی وەرگێڕ

ئەم نامیلکەیە باس لە چۆنیەتی بە ماف گەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکانی ئەوروپا دەکات لە ڕێگای ریفراندۆمەوە. کاتێ مرۆڤ بە دیموکراسییانە بۆ شتە راستەقینەکان بڕوانێ، ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە، کاتێکیش مرۆڤ بە هۆشێکی روون لێکدانەوەی ورد بۆ بارودۆخەکان دەکات و قانوونەکانی سروشت هەڵدەسەنگێنێ، ئەوا ریفراندۆم باشترین رێبازە. مافی سروشتیی مرۆڤیشە ئەوەی بۆ مرۆڤایەتی رەوایە کاری بۆ بکات و بیکات بە ڕاستی. (ریفراندۆم) ئەو هەنگاوە سەختەیە کە ڕێگا دووورودرێژەکان کورت دەکاتەوەو بەربەستەکان هەڵدەتەکێنێ، چونکە لە ریفراندۆمدا هەموو گەل بە زمانی جوانی قسە دەکات، جوانیەکان لەناو جەستەی هەموویاندا دەپەروەرێنێ و گەشەیان پێدەکات. هیچ قانوونێکی جیهانیش نییە لەبەردەم ریفراندۆمدا ببێتە بەربەست، بەڵکو ئەو قانوونە هەیە کە ریفراندۆم مافێکی رەوایە بۆ تاکەکانو کۆمەڵ، تا وەک ئامرازێک بەکاری بهێنن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی بە ڕێگاکانی تر مسۆگەر نابن. ئەوەی ریفراندۆم

ڕەتیدەکاتەوە تەنیا توندوتیژییە، چونکە ئاسۆی ریفراندۆم ئەوەندە پرشنگدارە، ئەگەر لە یەکەمین هەوڵەکانیشدا نسکۆ بهێنێ ئەوا، نسکۆکان کاتی دەبن‌و سەرکەوتنی مسۆگەریان بەدواوەیە.

## ریفراندۆم گەلی کوردستان دەگەیەنێ بە لوتکە

کوردستانی باشوور، ئەگەر بە شۆڕش ڕاپەڕینی بەرپا کردبێ، راپەرینیش خەڵکی ئامادە کردبێ بۆ هەڵبژاردن‌و حکومەتێکی فیدراڵی، ئەوا ریفراندۆم گەلی کوردستان دەگەیەنێ بە لوتکە. بۆیە کارنەکردن بۆی‌و خەمساردی‌و دڵەڕاوکێ، نەک خزمەت بە شارستانیەت ناکەن، بەڵکو چەکێکی کوشتندەن بۆ کوشتنی خودی قانوونەکانی سروشت، کە مرۆڤەکانیش بەگشتی دەگرێتەوە، ئەوەی چەکی کوشندەش بەکاربهێنێ، بە جیهانگیریی ئەمڕۆو ئایندە دادەبڕێتو ژوورێکی بە ڕەنگی ڕەش بۆیاخکراو دروستدەکات کە هەموو جوانییەکان لەناویدا ون دەبن‌و جێگای بیرکردنەوەی مەدەنیەتی تێدا نابێتەوە. کوردستان ئەگەر بە خوێنی شەهیدەکانی کولتورەکەی پاراستبێ‌و ناسنامەکەی وێنە کردبێ، ئەوە سەرئەنجامی هەڵبژاردنی ریفراندۆمێکی ئازادانە، هەم کولتوورەکە زیاتر بە جیهان دەناسێنێ‌و هەم پێشیدەڵێت من ئەوەتا بوونم هەیەو ناوم کوردستانە لەگەڵ ئەو ڕەوتەشدام کە جیهان بەوپەڕی مرۆڤایەتی دەگەیەنێ.

ئەم نامیلکەیە بۆیە باشە بخوێندرێتەوە، تا مرۆڤی کوردستان ئاگاداری ئەوە بێ تەنیا مافی نەتەوە مەزنەکان نییە ئەو مافە بەکاربێنن. بەڵکو مافی ئەوانەشە کە ژمارەیان هێندەی ئۆردوگایەکی تەلبەندکراوی سەردەمی دیکتاتۆریەت نییە، بەڵام بۆ ئێمە هەموو ئەو تەلبەندانەش هەڵدەتەکێنێ‌و ئاسۆیەکی روونیش دروست دەکات تا سنوورە دەستکردەکانیش بڕووخێنێ.

ئەم بابەتە بۆ ئەوە نەنووسراوە تا مرۆڤ لە رویفراندوم بگات، بەڵکو بۆ ئەوە نووسراوە تا مرۆڤ بەکاری بهێنێ‌و پێی بگاتە حەقیقەت. ئەو حەقیقەتەی هەمووومان دەیزانین بەڵام چاومان لە ئاستیدا دادەخەین‌و دەمانەوێ هەر بەشێوە کلاسیکییەکە بژیین کە ئایندەش ئەوەی قەبووڵ نییە، کەواتە ئەبێ ئێمە شتێکمان قەبووڵ بێ کە ئایندە قەبووڵیەتی.

## پێشەکی نووسەر

## مافی راپرسی بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی

لە کۆتایی مانگی شەشەمی ١٩٩١دا، کۆمیتەی ئەوروپا، کۆبوونەوەی هاوینەیان لە هێلسینکی، پایتەختی فینلەندە ساز دا، کە لە پەرلەمانتارانی دەوڵەتەکان پێکهاتبوو هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەکەدا، سلۆڤینیاو کرواتیا لە (٢٥ - ٦) دا بڕیاری



سەرچاوە Serchawe

سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند.

تەنها چەند رۆژێک دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی، سلۆڤانیا کەوتە بەرهێرشی فرۆکەکانی سرب. لە سەرەتاوە بڕیاری کۆنگرەکە، وابوو قورسایی خۆی بخاتە سەر کێشەی دەوڵەتەکانی بەڵتیک، بەڵام لە ئەنجامی رووداوەکاندا، کێشەی بەڵکان بووە خاڵی یەکەمی دەستپێکردنی وتووێژەکە، کە لە سەرەتادا زۆر بە پچڕپچڕی باسی لێوە دەکرا.

ئەمە بووە هۆی ئەوەی نوێنەرەکانی یوگوسلافیا، لەلایەن رۆژنامە نووسەکانەوە بکەونە ژێر پرسیارو سەرنج لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا یەکێک لە نوێنەرەکانی سلۆڤانیا، ئەوەی راگەیاند: ئاخۆ هەڵوێستی جیهان چی دەبێتو داوای چی لە خەڵکی سلۆڤانیا دەکات بۆ ئەوەی ئەم سەربەخۆییە بسەلمێنن. ئاخۆ ئەوروپا گیانی چەند هاوولاتی سلۆڤانیای دەوێ بۆ ئەوەی دان بەم سەربەخۆییەدا بنێ؟

## گەرچی یەکێتیی نێونەتەوەکانیش دوو دڵە

نوێنەرەکە ئەوەشی راگەیاند کە لە راپرسییەکەی ٢٣ - ١٢ - ١٩٩٠دا، لە سەدا هەشتاو هەشت (٨٨%)ی دەنگەکان بۆ سەربەخۆیی سلۆڤانیا دراون. بۆیە سلۆڤانییەکان مافی خۆیان داوای سەربەخۆیی نەتەوەیی بکەن، گەرچی یەکێتیی نێونەتەوەکانیش دوو دڵە و قسەکەرێکی سویدی بە ناوی نۆڤی برینگ (ove Bring) کە پسپۆرە لە مافی مرۆڤدا وتی سلۆڤینیاو کرواتیا، ئەو چەوساندنەوەیان لەسەر نییە، کە بە پێشبینیکردن دان بە بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆیاندا، بنرێت.

راپرسی لە ئەوروپا، لەنێوان سالانی ١٩٢٠ - ١٩٢١ و ١٩٩٠ - ١٩٩١دا، راپرسیی خەڵک لە سلۆڤانیا، لە مانگی دوانزەی ١٩٩٠دا، یەکەم راپرسیی نییە، بەڵکو لە ١٠ - ١٠ - ١٩٢٠دا سلۆڤانییەکان بەشداریی راپرسییەکی تریشیان کردووە. بۆ سەربەخۆیی لە خوارووی شێرنتا (ئێستا سەر بە نەمسایە) بۆ ئەوەی دەنگبدەن، ئایا ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ کام دەوڵەت.

زۆربەی دانیشتووانی ناوچەکە سلۆڤاکین (واتە زمانی دایکیان سلۆڤاکی) یە. لە ٦٩% دەبن. بۆیە راپرسییەکە بووە بە شتێکی سەرسوڕهێنەر، زۆربەی دانیشتووان واتە لە سەدا (٥٩%) دەنگیان بۆ ئەوەدا کە ناوچەکە بگەڕێتەوە بۆ نەمسا.

## بێ دوودڵی و بێ ترس

لە بیستو دوو هەزار دەنگ، کە دەنگیان بۆ نەمسا دابوو، نزیکەی دە هەزار دەنگیان هی سلۆڤانەکان بوون. بۆیە لە دوای

ئەم راپرسییە، ئەم دەنگدانە بووبە پایەیەکی پتەو لە مێژووی نەمساداو ئەو سلۆڤانییانەی لە یۆگوسلافیا دەژیانو سلۆڤانییەکان ئەوەیان سەلماند کە کێشەکانی نێوان دەوڵەتەکان لە ڕێگای راپرسی خەڵکەوە چارەسەر دەکرێن. ئەگەر لەم راپرسییە، وردبینەوە، دەگەینە ئەو سەرئەنجامە کە راپرسییەکەی ١٩٢٠ هەوێنێک بوو، بۆ ئەوەی لە دوای حەفتا ساڵ، هەمان نەتەوە، بێ دوودڵیو بێ ترس لە بلۆکی کۆمۆنیستی لە ئەورووپای رۆژهەلاتدا، بڕیاری سەربەخۆیی نەتەوەی خۆیان بدەن، بۆ دەوڵەتێکی سلۆڤانی، ئەمە بووە هەنگاوێکی گرنگ بۆ دانیشتووانی بەلتیک، کە لە داهاتوودا، وەک تاقیکردنەوەیەکی نوێو سەرکەوتووانە، بۆ سەربەخۆیی خۆیان کەڵکی لێوەربگرنو بوو بە نموونەیەکی کەم وێنە بۆ ڕێکخستنەوەی سیستمی دەوڵەتەکانی ئەوروپا، بەتایبەتی رۆژهەلاتەکان راپرسییەکەی سلۆڤانیا لە ساڵی ١٩٩٠دا، یەکەم هەنگاو بوو بۆ گۆڕینی سنووری دەوڵەتەکانی یوگوسلافیای (کۆن)و هەروەها قانوونی گشتیی دەوڵەتەکە دواتر سلۆڤانیا. کرواتیا، لیتوانیا، ئیستلاکر، لێتلاند، جورجیا، مەکدۆنیا، ئەرمەنیا، بۆسن-هێرگۆڤینا، هەروەها مۆنێنیگرۆ، راپرسییان ئەنجامدا. خەڵکەکە بە ئازادی بڕیاری چارەنووسی خۆیان دیاری کرد، سەرەڕای ئەمەش خەڵکی مۆنتێنیگرۆ لەگەڵ راپرسییەکەدا، ئەوەشیان راگەیاند، لە داهاتوودا بە ئارەزووی خۆیان ئەتوانن لەگەڵ (سرب) دا، یەکێتیی پێکبهێنن بەلام ئەوانی تر سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند وە چیکۆسلۆڤاکیا، پێشنیاری ئەوەیان کرد کە لە دلهاتوودا لە ڕێگای راپرسییەوە، کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن، واتە کێشەی نێوان(سلۆڤاکو چیکەکانی). کۆمیتەی نێونەتەوەکان، ڕووبەڕووی یەکەم راپرسی بووەوە، وە بەشێوەیەکی زۆر هێمنو دیپلۆماسییانە، چاودێری کرد، زۆر وشیارانە بە وتەیەک کۆتاییان بە کۆنگرەکەی خۆیان هێنا، ئەمەش وتەکەیە «هەموو نەتەوەیەک مافی سەربەخۆیی هەیە:» دوای ئەم کۆنگرەیە لە ١١ی ئاداری 1991دا، لیتوانیا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، بەم بۆنەیەوە وەزیری دەرەوەی سوید، ستێن ئەندرسن، وتی: « مافی ڕەوای سەربەخۆیی خەڵکی لیتوانیا، بۆ سەربەخۆیی نیشتمانیان، تەواو لەگەڵ بەندو بەڵگەنامەکانی هێلسینکیدا دەگونجێت» وەزیری دەرەوەی فینلەندە، بۆ ئەوەی پشتیوانیی وڵاتەکەی، بۆ سەربەخۆیی لیتوانیا بکات، ئەبێ تەواوی سنوورەکان دیاری بکاتو بیانپارێزێ، بۆ ئەوەی لەلایەن دەوڵەتەکانی ترەوە دانی پێدا بنرێ).

١٨ی مای ٢٠١٧



## بەشی دووەم

لە داهاتوودا، جیهان رووبەرووی چەند کێشەیەکی قووڵ دەبێتەوە، لە ئەنجامی ئەو بزاڤانەی خەریکن تەواوی شێوەی پێکهاتەکانی جەنگی سارد تێدەشکێنن.

لەدوای پووچەڵکردنەوەی کوودەتای مۆسکۆ، لە مانگی ئابی ١٩٩١دا، بەهیچ شێوەیەک نەتوانرا ئەو راستییە بشاردرێتەوە، کە گۆڕانکارییەکان، بەرەو پێشەوە دەچن هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە ١ - ١٢ - ١٩٩١دا، لە راپرسییەکەدا خەڵکی ئۆکرانیا سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندو هێندەی نەبرد کۆمیتەی پاراستنی ئەوروپا (ESK) دانی پێدانا. ئۆکرانیا زووتر قانوونەکانی بنچینەییو سنوورەکانی خۆی دیاری کردبوون، مەرجەکان ئامادە بوون، بۆ سەربەخۆیی، سەرەڕای ئەوەی هێشتا تەواوی سنوورەکانی دەوڵەتەکانی بەڵتیک بە تەواوی نەکەوتبوونە ژێر چاودێریی خۆیان، بەڵام دان بە هەموویاندا نرا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئەو کاتە هێشتا سوپای یەکێتیی سۆڤیەت لە بەلتیکدا مابوو، کە بە شێوەیەکی دینامیکانە، ئەو هەموو گۆڕانکارییانە روویاندا بەڵام هێشتا پەردەی شانۆیی راپرسیی سلۆڤانیا هەڵنەدرابووەوە، بۆ ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێدا بنێن. ئەمەش ئەگەر لەڕووی قانوونییەوە بەراوردی بکەین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لایەنێکی تر هەبوو زۆر بە توندی دژی ئەم هەڵبژاردنە بوو، پروپاگەندەی سیاسیی بۆ دەکرد. سەرەڕای ئەمەش ئەم راپرسییە زۆر وشیارانە بەڕێوەچوو. لەگەڵ تەواوی پرنسیپەکانی سەربەخۆیی نیشتمانیو سیاسەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کۆک بوو، نەبووە هۆی دروستکردنی هیچ کۆسپێک لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکانداو دوور بوو لە ئاژاوە. هەر ئەمەش بوو وای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە زۆر زوو دان بە بوونی دەوڵەتەکانی بەڵتیکا بنێت. بەڵام سلۆڤاتییەکان، بەهۆی دانپیانەنانیانەوە، لەلایەن دەوڵەتەکانەوە زۆر بە گومان بوون لە مانڤێستی سەربەخۆیی خۆیان. لە رووداوەکانی ئەم دوایییەدا، ئەوەبوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند کە هەندێ نەتەوە بۆیان هەیە سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن. بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێکی تر مەرجەکانی سەربەخۆییان نین،و مافی هەبوونی دەوڵەتیی خۆیان نییە، ئەو کێشە

دیبلۆماسییەی، سەبارەت بە ماکدۆنیا روویدا، نموونەیەکی روونی رووداوەکانە، بەڵام تاکو ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان بەرنامەیەکی روونیان نییە بۆ ئەوەی دان بە بوونی دەوڵەتێکدا بنێن، لەکاتێکدا کە خودی نەتەوە بڕیاری سەربەخۆیی خۆی لە راپرسییەکەدا دیار بکات. بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی قووڵو روون لەرووی مێژوویی‌و سیاسییەوە بەسەرکێشەی راپرسییەکەدا بچینەوەو رووداوەکانی دوای یەکەم جەنگی جیهانی بە تەواوی هەڵسەنگێنین. هەروەها ئەو رووداوانەی لەکاتی سیستمی نیشتمانیی چەند نەتەوەیەکدا لە دوای ساڵی ١٩٠٠ هاتە کایەوە.

## زۆر لە یەکچوونی نزیکی هەیە

مێژوونووس‌و پیاوە زاناکان، ئەوە روون دەکەنەوە کە ئەوروپای پاش رەوینەوەی تارمایی جەنگی سارد، زۆر لە یەکچوونی نزیکی هەیە، لەگەڵ پێکهاتەی ئەوسادا لەنێوان ١٩٨٩ - ١٩٩٢ دا دەتوانین، چەند هێڵێکی تەریب بدۆزینەوە، واتە لەو کاتەوە کە یەکێتیی سۆڤیەتی سورو یوگوسلافیاو چیکۆسلۆڤاکیا لەبەر یەک هەڵوەشانەوەو چەند دەوڵەتێکی شێوە نوێ لە ئەوروپادا سەریانهەڵدا. بەڵام ئەبێ ئاگاداری ئەوە بین، کە هێشتا زۆر زووە، کە ئێمە بتوانین بەتەواوی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەسەر رووداوەکان بکەین. چونکە ئێستا ئێمە لەناو گەرمەی گۆڕانکارییەکاندا دەژیین. لەبری ئەوە با بەشێوەیەکی قووڵ دەستبکەین بە لێکدانەوەی پرۆسەی رووداوەکانی مێژوو هۆکارەکانی راپرسی‌و پرنسیپەکانی مافی سەربەخۆیی نیشتمانی (نەتەوەیی) چونکە ئەو قسەو باسانەی ساڵانی ١٩١٨ - ١٩١٩ مشتومڕیان لەسەر بوو، ئەوا جارێکی تر لەسەر شانۆ بەدیار دەکەونەوە. رووداوەکانی دوای یەکەم جەنگی جیهانی لەرووی نەتەوایەتییەوە دەستنیشان بکەین، بەڵگەکان‌و وشەکان بەروونی ئەو یەکگرتنەوانەمان بەبیر دێننەوە دەتوانین زۆر بە ئاشکرایی ئەو لێکچووانەی سەبارەت بە کێشەی جوولانەوەی (ئۆلاند) لە بەڵگەکانی ساڵانی ١٩١٧ - ١٩٢١دا، لەگەڵ بەڵگەکانی پەرلەمانتارەکانی سلۆڤانیا لە هێلسینک فوش، لە ساڵی ١٩٩١دا بەراورد بکەین.

## ئەبێ وەک خۆیان دەستنیشانیان بکەین

ئایا بۆچی داخوازییە راستەکانی ئێمە ناسەلمێن، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆرینەی خەڵکی سلۆڤانیا لە راپرسییەکی رەوادا، دەنگیان بۆ سەربەخۆیدا؟! قسەی یەکێک لە پەرلەمانتارەکانی سلۆڤانیایە بە بێخۆبەستنەوە بە هەر لایەنێکی داخوازییە نیشتمانی یەکانەوە) جا چ جیاوازیخوازی بێ، یان خەیاتی ئازادیخوازانە بێت، ئەبێ وەک خۆیان دەستنیشانیان بکەین، بەڵام دادوەرە کەلەپووچەکان ئەوە رادەگەیەنن، کە مافی رەوای سەربەخۆیی نەتەوەیی (نیشتمانی) تەنها ئەوەیە کە لە پرەنسیپدا دژی سیاسەتی نێونەتەوەییە بەڵام دوای یەکەم جەنگی جیهانی جوولانەوەی ئۆلەند (Oland) زۆر بە روونی ئەم راستییەی سەلماند، نموونەیەکی بەکەڵکیشە، بەڵام بۆچی ئەمڕۆ مافی سەربەخۆیی نیشتمانی ئەبێتە هۆی لەدەستدانی



سەرچاوە
Serchawe

سیاسەتی نێونەتەوەیی؟ بۆئەوەی لە چەقی پرەنسیپەکانی بگەین، پێویستە ئەم مافە لە شوێنی خۆیدا، واتە لە راستی پەیوەندییە مێژووییەکانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا جێگەی بۆ بکەینەوە ئایا بۆچی پرەنسیپەکان لەناو دۆخی سیاسەتی نێونەتەوەییدا ئەم مافەیان بەرەو دواوە گەڕاندۆتەوە؟ ئایا ئەم مافە لە مێژوودا چۆن بەکارهاتووە؟

## ئامانجەکانی خۆیان پێکاون

خاڵی گرنگی سەرەتایی ئەوەیە، کە زۆربەی ئەو سیاسەتمەدارانە لەسەر شانۆی سیاسەتی نێونەتەوەیی وازی دەکەن، هەموو ئەو شتانە نابینن کە خۆیان دەیانڵێن. ئەوەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە جیاوازییەکە بکەوێتە نێوان بۆچوون و لێدوان. لەگەڵ رێزماندا بۆ پرەنسیپەکانی مافی سەربەخۆیی نیشتمانی، ئایا پێویست نییە بە باوەڕێکی پتەوەوە بڕوانینە واتاو ناوەڕۆکی پرەنسیپەکان؟ بە پێخۆشحاڵیشەوە دەڵێین کە هەڵسەنگاندنی پرەنسیپەکان باشترین بەڵگەنامەن و ئەوە بەرچاو دەخەن کە بەهۆیانەوە گەیشتوونەتە ئامانجە راستەقینەکانی خۆیان. دوای دووەم جەنگی جیهانی ئەم پرەنسیپانە لە بازاڕی سیاسەتدا کاریان پێکراوە بەهەر شێوەیەک بێت، زۆر بە باشیش وەکو دروشمێکی گونجاو، ئامانجەکانی خۆیان پێکاون.

## نەتەوە چییە؟

دوای یەکەم جەنگی جیهانی، تەوژمە نەتەوەییەکان هێڵێکی ناوەندی گۆڕانی شێوەی پرۆسێسەکانە، کە تاکو ئێستا درێژەی هەیە، بە ئاشکرا مەبەستەکانی خۆیان لە هەمەشێوەی سەرچاوەکانی قانوونییەوە بۆ مافی سەربەخۆیی وتوونو، جەختیان لەسەر کردوون بۆ بەهێزکردنی کەسێتیی نەتەوەیی، ئالێرەوە ئێمە ئەو رووداوە تراژیدیانەی لە یۆگۆسلافیاو لە خەباتی ئازادیخوازیی بەلتیکەکانو سلۆڤاکییەکان پەرە دەسێنن دەبیستین، کە زۆر بە راشکاوییەوە، داوای سەربەخۆییو دەوڵەتی خۆیان دەکەن.وەک نموونەیەکیش، دەتوانین بڵێین خەڵکی (هەنگاریا) ئارەزووی ئەوەیانە کە مافی کەمایەتییە مەجەڕەکان بدرێت کە (ترانسی لڤنین) Transsylvanin و سلۆڤاکیەن.

پاش نەمانی پەردەی بلوکی کۆمۆنیستی، ئازادیی نەتەوەکان کۆمەڵانی رۆژئاوا ناچار دەکات کە جارێکی تر بە بۆچوونە چەسپاوەکانی خۆیاندا بچنەوە بەرامبەر ئەوروپای رۆژهەڵات.

## تەنها شتی سەرکاغەزنو لەراستییەوە دوورن

بۆئەوەی نموونە راستی یەکانیان بۆ بەدیار بکەون. ئەبێ ئەو راستی یە بزانن کە کۆمەڵانی خەڵکی چیکۆسلۆڤاکیا بۆ نەتەوەی چیکۆسلۆڤاکیا ناگەڕێنەوە. ئەبێ زۆر بەروونی جیاوازی لەنێوان نەتەوەی چیکو نەتەوەی سلۆڤاکیادا بکەن. بۆ

نەتەوە نوێیەکان بانگەوازی رۆژئاواییەکان دەکەن. کە ئەو فاکتەرانەی فیدراسیۆن رووسیا دەیانخاتە روو بۆ یەکێتیی نەتەوەکانی لەناو چوارچێوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا تەنها شتی سەرکاغەزنو لەراستییەوە دوورن.

رووسیا رووبەرووی چەند کێشەیەکی نەتەوایەتی بۆتەوە، لەدوای ئەوەی کە چیچان - ئەنگۆش کە مافی ئۆتۆنۆمییان هەبوو، لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩١دا مافی سەربەخۆیی نەتەوەیان راگەیاند، دوابەدوای ئەوان، تەتەرستان لە ٢١ی مایسی ١٩٩٢دا بە نزیکی لە ٦١%ی دانیشتووانیان دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا، ئەمەش کێشەیەکی تر بوو بۆ رووسیا. چیچانەکانو تەتەرەکان، دوای ئەوەی کە بۆرس یلتسین لە ریفۆرمی ساڵی ١٩٩٤دا دانی بەوەدا نا کە لە رێگای راپرسیی گشتییەوە نەتەوەکان ئەتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئەوەیان راگەیاند کە بەپێی ئەم هەڵبژاردنە ئەتوانن بەتەواوی لەگەڵ مۆسکۆدا پەیوەندیان ببڕنو دەوڵەتی خۆیان دامەزرێنن.

دوای ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بۆتە هۆیەکی سەرەکی بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە ئەوروپادا روو دەدەن، هۆیەکە، پێویستە وتووێژ لەسەر چەمکی نەتەوایەتی بکرێت کە چۆن لێکبدرێتەوەو تێیبگەین. دەبێ بزانرێ چۆن ئەو کارە سەختە لەگەڵ خودی مافی سەربەخۆییدا پێکەوە ببەسترێنەوە، ئەوەش بە تەواوی دیاری بکرێت کە کلیلی پرەنسیپی وشەی نەتەوە چۆن تێبگەین ئایا پرەنسیپەکە خۆی چییە؟

## لەو کاتەدا زۆر ئاسان دەبوو کە نەتەوەیەک بناسیتەوە

مێژوونووسی بەریتانی ئی.جەی هۆبسبەون(E.J.Hobsbawn) بەشێوەیەکی گاڵتەجارانە، ئەوەی دەستنیشان کرد کە لێکدانەوەی کێشەی نەتەوایەتی گەشەی نەدەکردو نەدەژیا ئەگەر بەهەمان شێوەی یاسای پەلەوەرناسی لێکبدراباوە کە دەڵێت باڵندەکان یەکتر دەناسنەوە «ئا لەو کاتەدا زۆر ئاسان دەبوو کە نەتەوەیەک بناسیتەوە. کە حەزت لە ناسینی باڵندە با» هەندێ پێوانی تایبەتی هەن بۆ ناسینەوە. لەوانە، زمان، نەژاد، ئایین، کەلتوور. مێژووی هاوبەش، بەپێی ئەم یاسایانە دەتوانرێ ناسنامەی نەتەوەکان دیاری بکرێت. هۆبسبەون لە وتەکانی خۆیدا دەڵێت کە ئەم پێوانە تایبەتییانە بۆ ناسینەوە بەس نین.

لە ساڵی ١٨٨١ دا مێژووناسی ئایینیو رۆژهەلاتناسی فەرەنسی ئێرنست رینان ئەوەی بەدار خستووە، کە نەتەوە راپرسییەکی رۆژانەی خەڵکە، بۆیە پێناسە تایبەتییەکان تەواوکەری بۆچوونەکانن، کۆمەڵانی خەڵک خۆیان هەستی تایبەتییان هەیە، کە بۆ چ نەتەوەیەک دەگەڕێنەوە. بۆ نموونە فەرەنسییەکانو ئەوانەی بە زمانی فەرەنسی لە سویسرا ئەدوێن، دەگەڕێنەوە بۆ نەتەوەی فەرەنساو هەم بۆ نەتەوەی سویسرا. بۆیە زمان نابێتە پێوانەیەکی جێگیر بۆ ناسینەوەی

نەتەوایەتی. پێوانەی پێکهاتەی مێژووی نەتەوە ئاڵۆزەو هەمە بابەتییە. لەگەڵ ڕێکخستنێکی ئاساییدا یەکتر ناگرنەوە، کە زۆر کەس چاوەڕێیەتی لە جیاتی ئەوەی لە دەرەوە ڕا هەوڵبدرێ کە کێ مافی ئەوەی هەیە ناو نەخوێنێتەوە، با واز بێنین کە گیانی رینان خۆی بە بەرزترین پێوانە ئەم پێناسەیە بکات.

## ئێمە ئیمڕۆ باسی لێوە دەکەین

وەک ناسنامەیەکی گشتی لەڕاستیدا نەتەوە زۆر کۆن نییە، نەتەوە ئەنجامی پرۆسیسێکی مێژووی نوێیە. لە ئەنجامی هونەری چاپکردندا زمانێکی ستانداری خەڵک هاتنەکایەی پیشەسازی، شاری گەورەو چالاکیی پەیوەندییەکانی گواستنەوە لەدایکبوون، هاوشان لەگەڵ پەروەردەکردنی خەڵکو ئامادەکردنی پێداویستەکانی هەواڵدا، چەند کۆمەڵێکی نوێ پەیدا بوون. مرۆڤ وشیارانە لە دابو نەریتی کۆمەڵی گوندنشین دەرباز بوو. لە هەناوی شارستانیەتدا چەند پێکهاتەیەک لەدایکبوون، کە زەمینەی پەیدابوونی نەتەوەیان خستنەوە، کە ئێمە ئیمڕۆ باسی لێوە دەکەین.شارستانیەت، وەک ئەنترۆپۆلۆگی پێندیکت ئەندرسن وتی» ئەندێشەی هاوکاری» لێ لەدایکبوو.

ژمارەیەکی زۆری ئەندامەکانی نەتەوەیەک، هەرگیز چاویان بەیەکتر نەکەوتووە. بەڵام خۆیان بە ئەندامی هەمان یەکییەتی هەمان نەتەوە دەزانن.نەتەوە یەکەمین شەپۆلی جووڵانەوەیە، کە مەوداکانی نەژادو زمان لەناو سیاسەتدا دیاری دەکات، نەتەوەیەک لەناو خەباتی سیاسیدا خۆی دیاری دەکات، کە دوور بێت لە ناوئاخنێکی تەنها نەژادیو زمان بۆ ئەوەی دەوڵەتی خۆی پێکبهێنێ. ئەم جۆرە هاوکارییە بەبێ هەبوونی زمانێکی نووسینی ستاندار، پێداویستییەکانی لەیەکگەیشتن، پەروەردەی خەڵک بەیەک شێوەو دامودەزگایەکی راگەیاندن ناکرێت.

## وەک یاسای دەستی راست

لەڕاستیدا جیاوازییەکی زۆر گەورەیە هەیە، کە ئەگەر یەک دەوڵەت ئەم پێکهاتەی داهێنابایە، وەک (فەرەنسا، سوید، ئیتالیا) یان ئەگەر پرۆسەی شارستانیەت، لەجیاتی ئەوە هەڕەشەی لەو ئیمپریاتۆریەتی چەند نەتەوەیی بکردبا، وەک (نەمسا- هەنگاریا) بەدەر لەم جۆرە جیاوازییە، مرۆڤ دەتوانێ جیاوازی لەنێوان نیشتمانی نەتەوەییو کەلتووری نەتەوەییدا بکات: وەک یاسای دەستی راست، مرۆڤ دەتوانێ بەدیاری بخات ئەگەر سێ دەوڵەتەکە حوکمڕانیی رۆژئاوای رووباری (راین)یان بکردباو ئیمپراتۆرەکە حوکمڕانیی رۆژهەڵاتی رووبارەکەی بکردبایە. کە تەنها یەک نەتەوە، دەوڵەتەکەی پێکبهێنابایە، کە زمانی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە فەرەنسی، یان وەک ئیمپراتۆرەکە، کە لە کەلتوورێکی هەمەچەشنە سەرچاوەی گرتووە کە بە یەک زمانیش دەدوێن بۆ نموونە ئەڵمانی.



سەرچاوە
Serchawe

پرەنسیپی مافی سەربەخۆیی نەتەوەیی لە دوو شێوەی جیاواز لەو بۆچوونە سەرچاوە دەگرێت، کە مافی سەربەخۆیی و پرەنسیپییەکانی نەتەوایەتییە.
کاتێ دەمانەوێ دەوڵەتێک پێکبهێنین، پرەنسیپییەکانی نەتەوایەتی لە مافی سەربەخۆییدا زیاتر کێشەمان بۆ دروست دەکەن.

بورهان بلۆنشخ، کە خەڵکی سویسرایەو لێکۆڵەرەوەیە لە مافی دەوڵەتدا بۆ نەتەوەکان، لە ئەڵمانیا پرەنسیپیەکانی نەتەوایەتی بەم شێوەیە خوارەوە لێکداوەتەوە.

«هەموو نەتەوەیەک مافی هەیە دەوڵەت پێکبهێنێ، وەک ئەوەی کە مرۆڤایەتی دابەشکراوە بەسەر کۆمەڵێ نەتەوەدا، پێویستە جیهانیش دابەش بکرێت بەسەر چەند دەوڵەتێکدا، هەموو نەتەوەیەک دەوڵەتێکەو هەموو دەوڵەتێک نەتەوەیەکە»

ئەمە هەڵبەتە تەڤینەوەی ئەو بیرە بووە بۆ سیاسەتی دابەشبوونی زمانی ئەڵمانی بەسەر چەند ناوچەیەکدا، لێرەدا زمان بەرزترین پێوانەیە بۆ کەلتووری نەتەوەیی ئەڵمانەکان ئەگەر ئەوە وەلا نەنرابایە، ئەوە هەموو ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان نییە، لە سەرتاسەری ئەوروپادا زۆر بەشێوەیەکی رادیکاڵانە داوایان دەکرد بیری ئەوەی کە چۆن ئەوروپا لە پرەنسیپەکانی نەتەوایەتی دەگات تاکو ئێستا لە گۆڕاندایە بۆچوونی بلۆنشخ سەبارەت بە چەند نەتەوەیی زۆر زەحمەت دانی پێدادەنرێ.

گەرچی (گۆسپامازین) لە ساڵی ١٨٥٧ دا بەریتانیا نەخشەیەکی بۆ دەوڵەتی نەتەوەکانی ئەوروپا کێشابوو، کە بریتی بوو لە تەنها ١٢ دەوڵەت، بەڵام دوای یەکەم جەنگی جیهانی ئەوروپا دابەش بوو بەسەر ٢٦ نیشتمانی نەتەوەییدا ((چەند ساڵێک دوای ئەوە ئیرلەندە وەک دەوڵەتێکی ئازاد دامەزرا)).

**٢٣ی مای ٢٠١٧**



سەرچاوە
Serchawe



## بەشی سێیەم

### هەڵچوون

ناسیۆنالیزم: بریتییە لە چەمکێکی سیاسیی هوشیاریی هاوبەشی نەژادو زمان لەنێوان قەڵەمڕەوێکی سنوور دیاریکراودا زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان ئەوەیان راگەیاندوە، کە لەراستیدا ناسیۆنالیزمە کە نەتەوەی تێدا لەدایک دەبێت، نەک بە پێچەوانەوە.

ئەم تیۆرییە، گەرچی چەندە دژە بەڵگەنامەی داونەتە دەست، لەگەڵ تێبینیدا بۆ رووداوەکانی ئەم ساڵانەی کۆتایی، ئەو هۆیەیە کە رازیمان دەکات دیاری بکەین کە ناسیۆنالیزم بریتییە لە پەیوەندییەکی سیاسی لە دەرەوەی پرۆگرامێکی نەتەوەیی.

ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا، دواى ساڵی ١٩٨٠ تایبەتمەندییەکی تری هەیە، ئەگەر بەراوردی کەین لەگەڵ سەدەی نۆزدەیەمدا باشترین روونکردنەوە بۆ رووداوەکانی ئەم دواییە ئەوەیە کە بە هەڵچوونی شەمپانیای بەراورد بکەین کاتێک تەپەدۆری سەری هەڵپچڕین، ئەوا دیکتاتۆری کۆمۆنیستی بە هەوادا دەفڕێ. پەستان لەسەر چەوسانەوەی بیری نەتەوایەتی لادەداتو دەتوانێ بە ئازادی بجووڵێتەوە روونکردنەوەکە هەندێ راستی هەن، لەهەمان کاتدا وێنەیەکی ئاسنمان پیشان دەدا.

### کاتێک بێ ئومێد بوون

خاڵی سەرەتایی ئەفسانەی هەڵچوونی شامپانیایە، ئەوەیە کە دیکتاتۆری کۆمۆنیستی هەستەکانی نەتەوەیمان بە تەواوی

خنکاندبوون، بەڵام ئەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە رژێمە کۆمۆنیستیەکان، کاتێک بێ ئومێد بوون، هەوڵیاندا ناسنامەی گەلەکان ئاشکرا بکەن‌و لەسەر پەتی ناسیۆنالیزمی وازی بکەن. هەڵبەتە ئەمە زۆر ناپەسەند بوو کە سەرکردەکانی مارکسییەت لە پێناو درێژەپێدانی سیاسەتی خۆیاندا دەیانویست ببن بە ناسی‌و نالیست، دوای ئەوەی کە لە ئایدۆلۆجیەتی مارکسیستەکاندا ناسیۆنالیزم ئەوە بوو کە برژوازیەتیان پێ تاوانبار دەکردو بە شەقی برژوازیەتیان دەزانی.

لەهەمان کاتدا شەپۆلی ناسیۆنالیزم لەدوای ساڵی ١٩٨٠ نموونەیەکی چاکە بۆ ئەوەی کە مەرج نییە ناسیۆنالیزم تیۆرێکی ئازادیخوازانەی گەل بێ، بەڵکو بەهەمان شێوە دەتوانرێ بەکار بهێنرێ وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ رێکخستنەوەی کۆمەڵ.

ئەفسانەی هەڵچوونی شامپانیا لە بۆچوونەکانی دارێژراوی هەڵە سەرچاوە دەگرێت کە دەڵێت ناسیۆنالیزم تەنها هەستێکە ناسیۆنالیزم لەراستیدا پێویستە وەک بەڵگەنامەیەک (پرۆگرامێکی) سیاسی‌و وشیارانە تەماشا بکرێت.

نیکۆلا شاوسکی لە رۆمانیاو تیۆدۆر زیفکوف لە بوڵگاریا دوو سەرکردە بوون کە بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە ناسیۆنالیزمی - کۆمۆنیستییان بەکار دەهێنا.

سیاسەتی ئەوان زیاتر مەسەلەی نەتەوایەتیی لە رۆمانیاو بۆلگاریا بەرەو پێشەوە دەبرد، لەهەمان کاتدا حاشایان لە مەسەلەی کەمایەتییە نەتەوەکان دەکرد، بە ناوی نوێکردنەوە، دەیانویست ترانسی لڤەن، کە دەکەوێتە ناو دەوڵەتی بۆلگاریا، بەتەواوی بسڕنەوە.

ناسیۆنالیزم شێوەیەکی چالاکانەیە بۆ ئەوەی وێنە ترسناکەکان بەدیار بخاتو پیشان بدات ((وەک کێشە ئابووری‌و لایەنە بێ تواناکانی تر)).

لە رۆمانیا هەنگارەکان، لە بۆلگاریا تورکەکان، لە سربیا کرۆئاسەکان‌و لە کۆسۆڤۆ ئەلبانەکان چەند وێنەیەکی ترسناکن. ئەم وێنە ترسناکانە لەلای ناسیۆنالیزمەکان نوێ نین، بەڵکو لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا رووسەکان هەڕەشەیان لە ناسیۆنالیزمی فینلەندە دەکرد لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە بۆمان (Bohmen) چیکەکان‌و ئەڵمانەکان بە نۆرە هەڕەشەیان لە یەکتر دەکرد. لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەمدا ناسیۆنالیزمی چیکەکان لەدایکبوو، وەک بەرەنگاربوونەوەیەک دژی دەسەڵاتی ئەڵمانیا، لە نیوەی تری سەدەکەدا، ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیا گەشەی کرد کە بەرەنگاربوونەوەیەک بوو دژی ناسیۆنالیزمی چیک.



سەرچاوە
Serchawe

## پرەنسیپەکانی مافی سەربەخۆیی نەتەوایەتی

پرەنسیپەکانی مافی سەربەخۆیی نەتەوایەتی شتێکی نوێ نەبوو بۆ نوێنەرایەتی بەشداربوو لە کۆنفرانسی ئاشتیدا لە پاریس ساڵی ١٩١٩.پرەنسیپەکان تاکو ئەو کات دوو رەگی مێژووییان هەبوو، کە کۆمەڵێک کێشەیان لەگەڵ خۆدا هێنابوون.

هێڵە بنچینەییەکانی ئەم پرەنسیپە لەناو بیری سەربەخۆیی گەلاندا لە شۆڕشی فەڕەنسەو ئەمەریکا ریشە دەگرێت، بەڵام بەپێی مانەوەی سنووری دەوڵەتەکان باسی لێوە نەکرا.بۆیە داوخوازی بۆ مافی سەربەخۆیی داخوازییە بۆ دیموکراسی.

نموونەیەکی زیندووی ئەمە ئەوەیە لە خاڵی سێیەمی قانوونی فەڕەنسەدا بڕیار لەسەر ئەو مافە دراوە، ئەم قانوونە راستترین نموونەی یەکێتیی نیشتمانیو نەتەوەیی فەڕەنسییە، کە لە سەردەمی رۆمانتیکی هێڵی نەتەوەیی کەلتووری ئەڵمانیادا پەیدابوو.

ئەم هێڵە بوو لەسەردەمی ناسیۆنالیزمداو لە نیوەی دووەمی ١٨٠٠دا گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئامانجی نەتەوەیی-کەلتووری ماکی تەڤینەوەی داخوازییەکانی ئەوکاتە بوو.هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە خۆی دەرباز بکات لەژێر ئیمپراتۆریەتی هەمە نەتەوەییدا، بۆ ئەوەی بتوانێ دەوڵەتی خۆی دروست بکات، یان ئازاد بێت لەژێر سایەی چ دەوڵەتێکدا بژی مرۆڤ پێویستە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

## مافی گشتیی سەربەخۆیی نەتەوەکان

بۆچی پرەنسیپەکانی مافی سەربەخۆیی نەتەوەیی دوای یەکەم جەنگی جیهانی بەدیار کەوتن؟ ١٤ خاڵەکەی سەرکردەی ئەمەریکی ویڵسن وەک سیمبوڵ کاریگەرییەکی گەورە بوون بۆ پرەنسیپەکان لەو خاڵانەدا سەرۆک کۆمار داوای کرد کە پۆڵۆنیا ببێتە دەوڵەت، ئەلەسکا- لورینا بۆ فەرەنسا بگەڕێتەوە، کۆمەڵەی نەتەوەکان دروست بکرێت. گرنگترین پشتیوانی بۆ مافی گشتیی سەربەخۆیی نەتەوەکان لەم چوار خاڵەدا لەلایەن ویڵسنەوە لە ١٩١٨دا دیاری کرا.

دوای یەک مانگ کۆمیتەیەک بۆ ئەم خاڵانە پێکهات.لەو پرەنسیپانەدا ئەوەشی دەستنیشان کرد کە نابێت خەڵک، یان پارێزگا، لە سنووری خۆیان دەرچن، ویڵسن هەروەها ئەوەشی دەستنیشان کرد کە هەموو ئەو پەیمانانەی لە قەڵەمڕەوەکانداو لە ئەنجامی شەڕدا دەبەسترێن، ئەبێ بە ئارەزووی دانیشتوان بن، نەک ئەنجامێک بن لە سازیش، یان

داخوازیی نێوان دوو دەوڵەتە شەڕخوازەکە، ئەم پرەنسیپیانە وا دەهاتنە بەرچاو کە دەرگا بخەنە سەرپشت بۆ جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی دوای نیوەی سەدەی نۆزدەیەم کە بەشێوەیەکی باش بەرەو پێشەوە چووبوون.

پرۆگرامی ئاشتیی ویڵسن، لە جیهانداو وا لێکدرایەوە کە لەرووی سیاسییەوە ئەبێ لەلایەن هاوپەیمانەکانو دەسەڵاتە ناوەندییەکانەوە دانی پیا بنرێ.

**٢٤ی مای ٢٠١٧**

---




## بەشی چوارەم

ئەڵمانیا بڕیاریدا، لە جیاتی پەیمانی ئاشتی پەیمانێکی شەڕ وەستان مۆر بکات بۆ ئەوەی لە پرەنسیپەکانی ویڵسن خۆی دەرباز بکات. بۆچوونەکانی ویڵسن بەشێوەیەکی زۆر خراپو چاوەڕواننەکراو بەدیار کەوتن. بگرە تەنانەت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا رۆبێت لانسینگ لە کاتی کارەکانی کۆنفرانسی ئاشتیدا سەری سوڕماو زۆر رەشبین بوو لەوەی کە ئایا پرەنسیپەکانی مافی سەربەخۆیی نەتەوایەتی لەراستیدا چین! کێشەیەک لەنێوان قانوونەکانی بنچینەییو قانوونەکانی نەتەوەیی-کەلتووری لەسەر مەسەلەی مافی سەربەخۆیی لە کۆنفرانسی ئاشتیدا لە پاریس دروست بوو جووڵانەوەی نەتەوەکانی ئەوروپا لە قانوونی نەتەوەیی-کەلتووری سەرچاوەی گرتبوو،بەڵام سەربەخۆیی ویڵسن چەمکێکی بنچینەیی قانوونی رووت بوو.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە وتووێژەکانی ئێستا لەمەڕ مافی سەربەخۆییو نەتەوەیی، تەنها لە دیدی بۆچوونەکانی

ویلسنەوە سەیر نەکرێن، پێویستە یەکێتیی نێو نەتەوەیی خاڵی تێڕوانینی تایبەتی هەبێو، بە توندی خەبات بکات بۆ ئەوەی لەو کێشانە دەرباز بێت کە لە پرنسیپەکانی ویلسندا هەن.

لە بەیاننامەی کۆبوونەوەی سکرتاریەتدا، لە (٤ - ٥ - ١٩٦٠)دا، سەبارەت بە مافی سەربەخۆیی نەتەوەیی تەنها باسی ئەوە کراوە کە پەیوەندیی بە مەسەلەی نەهێشتنی سیستمی کۆلۆنیاڵی هەیە، ئەگەر بە وردی تەماشا بکەین ئەم بڕیارە تەنها سڕینەوەی خۆڵی کۆلۆنیالیزمی قەڵەمڕەوەکانە، نەوەک زۆر جیاوازی هەیە لە ئیدارەکردنی دەوڵەتەکاندا.

لێکدانەوەیەکە تەنها لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە، کە لەم دواییەدا هاتبوونە کایەوە، دانی پیادا دەنرا، وەک یەکێتیی سۆڤیەتو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

بە گوێرەی دەقی بەیاننامەی (u.n) نابێت باسی کێشە ناوخۆییەکانو مافی بڕیاردانی سەربەخۆییو مافی جیابوونەوە بکرێت، قانوونی (پێوانی ئاوی سوێر)تەنها لێکدانەوەیەکە بۆ قەڵەمڕەوی کۆلۆناڵەکان، بەڵام لێکدانەوەی (u.n) لەسەر پرەنسیپەکانی مافی بڕیاردانی سەربەخۆیی وەک هی ویلسن تەنها مناڵی ناو بێشکەن، ئایا دەبێت ئەو سۆفینیزمە کە لەچوارچێوەی بۆچوونەکانی شەڕی ساردی جیهانیدا لەدایکبووەو ئەو هەلومەرجانەی ئێستا لە ئەوروپا لە ئارادان، بەهەمان پێوانگە کۆنەکان بپێورێن؟ خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە گەلانی ئەمڕۆ داوای مافی سەربەخۆیی ئەکەن، بەبێ سەرنج دان لە مافی بڕیاردانی دەوڵەتەکان.

پسپۆری لێکۆڵەرەوەی گەل ناس میکایل پۆمێرنک وتوویەتی: هەموو گفتوگۆکان لەسەر کێشەی مافی سەربەخۆیی بڕیاردان، لەراستیشدا لە رووی قانوونییەوە هیچن، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەستێکی بەرفراوان هەیە بۆ مافی سەربەخۆیی بڕیاردان، ئەم هەستە بەرفراوانە زۆرجێگای سەرسوڕمانە بۆ زۆربە، لەگەڵ ئەوروپای ئەمڕۆشدا.

## گۆڕانکارییەکانی ١٩١٧ - ١٩٢١

گۆڕانکارییەکانی سەردەم لەراستیدا باسیان لەوە دەکرد کە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی گەورە کۆتایی هات، هەم لەرووی سیاسییەوە، هەم لەرووی ئایدۆلۆجییەوە. لە یەکەم جەنگی جیهانیدا بە کردەوە هەر چوار ئیمپراتۆریەتەکە شکستێکی کوشندەیان خواردبوو، ئەڵمانیای هۆهیتزیل(Hohgnzll)و رووسیای رۆمانۆف، تەنها لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیاندا بە کزی درێژەیان بە ژیان دەدا، نەک وەک ئیمپراتۆریەت، دوو ئیمپراتۆریەتەکانی تر، ئیمپراتۆریەتی هبس بۆرک (Habsburg) و عوسمانییەکان لەبەریەک هەڵوەشابوون. زنجیرەیەک دەوڵەتی نەتەوەییان لێکەوتبۆوە، دەوڵەتی

عوسمانی زۆر لە مێژ بوو لە سنووری ئەوروپادا بەتەواوەتی پەکی کەوتبوو.

پەرەسەندنی ڕووداوەکانی یەکەم جەنگی جیهانی لە ساڵەکانی ١٩١٧ - ١٩١٨دا، دەتوانین زۆر بە جوانی لەگەڵ ڕووداوەکانی کۆتایی جەنگی سارددا، لە ساڵەکانی ١٩٨٨ - ١٩٨٩دا بەراوردیان بکەین. مرۆڤایەتی چاوەڕوانی ئەو هەموو گۆڕانکارییەی نەدەکرد ئامادە نەبوو بۆی، کە دەبوو لە ساڵەکانی داهاتوودا سەرۆکایەتی بکات بۆ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا.کاتێ باڵوێزخانەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە پاییزی ساڵی ١٩٨٩دا لەناو شەپۆلی پەنابەرەکانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا، ئێرک هۆنیکەر(Erich honecker) دەسەڵاتی لێسەندرایەوەو ئگۆن کرێنز (Egeon Krenz) لە چاو تروکاندنێکی سەرسوڕهێنەردا رایگەیاند کە شۆک پۆنت شارلی(Charlie Checkpoint) بکرێتەوە، لەناکاو کۆمەڵێک بارودۆخی چاوەڕواننەکراودا هاتنە کایەوە. گەشەکردنی ڕووداوەکان تەزوویەک بوو بە لەشدا کە کاریگەریی گەورە بچووکیان هەبوو.

هەمان خۆشی لە سەرەتای یەکەم جەنگی جیهانیدا، چاوەڕوان دەکرا، دوای ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە ئابی ١٩١٤دا ڕوویاندا، کۆمەڵانی خەڵک وایان بە بیردا دەهات کە هەرچی زووە دەست بە شەڕ دەکرێتو بەپێی دیاردەکان هەموو شتەکان کۆتاییان پێدێت. بیریان لەوە دەکردەوە کە ئەوروپایەکی بێ قەیسەر لە ڤییەناو بەرلین، ستاد پترسبۆرگی بێ تسار، وا خەریکە وەک ئەندێشەیەک خۆی نزیک دەکاتەوە.

## داوای سەربەخۆییان دەکرد

زۆربەی نەتەوەکانی چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی هەبس بورگ، واتە نەمسا - هەنگاریا خۆیان لە ڕێکخراوەکاندا ڕێکخستبوو، داوای سەربەخۆییان دەکرد، هەندێ جار خەونەکانیان لە دەرەوەی ئەو هەیکەلەدا دەبینین. هەندێکیان داوای ئۆتۆنۆمییان دەکرد لەناو چوارچێوەی ئیمپراتۆرەکەدا، مافی سەربەخۆییان بە شتێکی نا واقعیو بیرلێنەکراوە دەزانی.

تێڕوانینی چیکەکانو چەندین نەتەوەی تریش بۆ شێوەیەکی دەسەڵات کە خۆیان بەڕێوەی ببەن، لەناو چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی سیاسەتی (هەبس بورگ)دا لە سەدەی نۆزدەیەمدا، نموونەیەکی زیندووی ئەو واقعە بوو.

هیچ دادوەرێکی واقعیانە چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە بنەماڵەی هەبس بورگ دەسەڵاتی خۆی لەناوجەرگەی ئەوروپادا لەدەست بدات. لە مانگی ئابی ١٩١٤دا کەس داوای سەربەخۆیی دەوڵەتی نەدەکرد. توماس گی مەسارک، کە یەکەم سەرکۆماری چیکۆسلۆڤاکیا بوو، لە زۆربەی ڕاگەیەنراوەکانی خۆیدا لە کۆتایی ١٨٩٠دا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە شتێکی

مەحاڵە داوای سەربەخۆیی نیشتمانی بکرێ مەسارک لە جیاتی ئەوە سوودی لە تیۆرەکانی مێژوونووسی نەتەوەیی چیک، فرانتسک پلاکیس(Frantisek Palackys) وەردەگرت. کە لە ساڵی ١٨٤٨ داوای دەوڵەتێکی فیدراڵی ئەمسای دەکرد پلاکیس لە پێشنیارەکەیدا ئەوەی روون کردەوە کە دەوڵەتێکی فیدرالی ئەبێ لە ٨ ویلایەت پێکبێت. بەم شێوەیەی خوارەوە، ویلایەتی بۆمان-کرۆن (بومان، مێرن،شلین) وە سەرووی هەنگاریا(سلۆڤاکیەن) ئەبێ ویلایەتی خۆیان پێک بێنن.

## پێویستە ئۆتۆنۆمی راستەقینەیان هەبێت

بۆچوونەکانی پلاکیس، ئەوەیان بەدیار خست کە چیکەکانو ئەڵمانییەکان ویلایەتی بۆن(Bohn) ئەبێ رێکخراوی قانوونیی خۆیان هەبێ، نەک سنوورێکی ئۆتۆمنۆمیی نەتەوەیی ئیدوارد بێنز، کە یەکەم وەزیری دەرەوەی چیکۆسلۆڤاکیا بوو، لەدوایی بوو بە سەرەک کۆمار لە تێزنامەی (ئوترووحە) دکتۆراکەیدا لە زانکۆی دیون ( Dijon) ساڵی ١٩٠٨، داکۆکی لە بۆچوونەکانی پلاکس کرد. تەنانەت لە ١٤ خاڵەکانی ویڵسن باس لە دەوڵەتی سەربەخۆیی چیک نەکراوە. ئەوە نەبێ کە هەموو نەتەوەکان لە چوارچێوەی نەمسا - هەنگاریادا پێویستە ئۆتۆنۆمی راستەقینەیان هەبێت. ئەبێ هەست بەوە بکەین کە ویڵسندا ویستوویەتی نەمسا - هەنگاریا لە دوای یەکەم جەنگی جیهانی، لە چوارچێوەی فۆرمێکی لەو شێوەیەدا بمێننەوە. جا بۆیە گرنگترین شت ئەوەیە کە وتووێژەکانی یەکەم جەنگی جیهانی لەمەڕ مافی سەربەخۆیی کە پێشنیار کرابوون، وەک شتێکی سەرسوڕهێنەر ئاشکرا بکرێن. زیرەکترین کەس ئەوەیە کە زۆر بە توندی بە گژ ئەو چارەسەرانەدا بچێتەوە کە بە رۆژ خەونیان پێوە دەبینیو، بێتە بەرەی راستیو لە ئەوروپاوە لەسەر مەشقی فۆرمێکی نوێ وازی بکات بۆ چارەسەری کێشەکان کە تاکو ئێستا کەس بیری لێنەکردۆتەوە. لە زۆربەی کاتەکاندا، دەرفەتەکانن کە بڕیار دەدەن. لەکاتێکدا پلاکیس خۆی لە ژیانی دەربەدەریدا لە لەندەن، پاریس، ئەمەریکا، دەدیتەوەو، قانوونە بنچینەییەکانی بۆ دەوڵەتی چیکۆسلۆڤاکیا دادەڕشتن، گەورەترین دوژمنی سیاسیی ئەو کارێل کرمائر (Karel Kramar) بوو کە دواتر بووە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانو لە زیندانی پراگ توند کرابوو. ئامانجەکانی ئەویش بریتی بوون لە ئیمپراتۆریەتی گەورەی سلاڤ، کە پۆلۆنیاو تساریسلاندیش بگرێتەوە.

## بە هیچ شێوەیەک بیریان لە یەکێتیی بەرەیەک نەکردووەتەوە

بە خێراییو زۆر بە توندی، ناوەرۆکی گۆڕانکارییەکان مرۆڤ دەخەنە سەماو دوودڵی. بێجگە لەوەش ئەبێ لەرووی دەروونیشەوە مرۆڤ هەست بەوە بکات کە لەهەمان کاتدا زۆر لایەن هەن لەناو چوارچێوەی نێو نەتەوەییدا هەوڵ دەدەن لە پێناو قازانجە تایبەتییەکانی خۆیاندا هاوپەیمانەکانی یەکەم جەنگی جیهانی، بە هیچ شێوەیەک بیریان لە یەکێتیی بەرەیەک نەکردووەتەوە، هەرچەندە گەلێک جار بیرۆکەی وەهایان دەخستەڕوو، بۆ ئەوەی وای نیشان دەن کە داواکاری ئەم

جۆرە یەکێتییەن، زۆرجار لە پەنای پەردە دارڕێژوەکانی خۆیاندا سازشێک مۆر دەکرد. ئایا لەو بارودۆخەدا هیچ جێگایەکی چاوەڕواننەکراو نییە کە تاکە کەسێک پێشڕەوایی ئەم هیوایانە بکات؟ ڕووداوەکان بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی، ١٤ خاڵەکانی ویڵسن وەک ڕۆژی ڕووناک ئەوە دەسەلمێنن کە بارودۆخەکە لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بووەو ئەندێشەی بیرەکانی لەناو شەوێکی ماندووکەرانەدا زۆر ئاسایییە کە خەڵکی ئەورووپا پێشوازییان لێ بکا. ویڵسن لە ئاشتییەک دەدوا کە ئاشتییەک بی بێ سەرکەوتوو و دۆڕاو. هارۆڵ تیکۆڵسن کە دیبلۆماتێکی بەریتانی بوو، لە کۆنفرانسی ئاشتی لە فەرەنسا خۆی گەواهیی بۆ ئەم راستییە دەدا کە بیرەکانی ویڵسن لە یەکەم جەنگی جیهانیدا چ کاریگەرییەکی گەورەیان هەبووە وتویەتی (ئەو سەرکردەیە نەک وەک تەنها سیاسییەک، بەڵکو وەک مرۆڤێکی مەزن بۆ تیۆرێکی سیاسیی نوێ) هەر یەکەم کاریگەریی سەرکردەی ئەمەریکی بوو، کە وای لە نیکۆڵسن کرد بڵێت (من نەک تەنها باوەڕم بە ١٤ خاڵەکانی ویڵسن‌و چوار پرەنسیپەکانی هەیە، بەڵکو ئەبێ لە داهاتوودا لە کۆنفرانسی ئاشتیدا شوێن بۆ پرۆگرامەکەشی بکرێتەوە).

**نیکۆڵسن لە کتێبی خۆیدا لە ساڵی ١٩١٩ دا دەڵێت:** من زۆر دوودڵ بووم لە ویڵسن، ئەویش مرۆڤێکی ئاسایییە، ئەو کەسەش نییە کە شوێنی تایبەتی هەبێ لە سیاسەتدا، بەڵام کاریگەریی ئەو بۆ من لە پرۆژەی ئاشتیدا، شتێکی راست بوو، چونکە (بارودۆخی) ئەو کاتەی ئەورووپا وای دەخواست، واتە ساڵانی ١٩١٨ - ١٩١٩، لەو ساڵانەدا، ویڵسنیان وەها دەهاتە پێش چاو کە مێشکی دارشتنەوەی یاساو قانوون بێت لە ئەورووپادا.

هەموو داخوازییەکانی بۆ پرەنسیپەکانی مافی سەربەخۆیی‌و راپرسیی خەڵک بۆ ئەنجامدانی ئەم داخوازیە. وا لێک دەدرێنەوە کە نیکۆلسۆن زۆر بەراستی بارودۆخی ئەو کاتەی ئەورووپای هەڵسەنگاندبوو، ویڵسن لە ساڵی ١٩١٨ دا لە ئەورووپا هیوایەکی نوێی لەلای خەڵک دروست کردبوو.

ئێمە دەتوانین وێنەیەکی تری راستو هەستپێکراو لە ڕێڕەوی ڕووداوەکان هەڵهێنجین‌و لەگەڵ پرۆژەی ئاشتی ویڵسندا لە پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەوکاتەدا دیاری بکەین. ئەوە هیچ جێگای سەرنج نییە کە رۆڵی ویڵسن لە وتووێژی ئاشتیدا، لەنێوان ئەڵمانیاو روسیادا لە برست-لیتۆفیسک دیاری بکەین‌و بە شتێکی نایابی بزانین. ویڵسن تەنها سەرکردەیەک نەبووە کە داوای ئەم مافانەی دەکرد بەڵکو (لینین) یش داوای دەکرد خەڵکی ئەورووپا مافی سەربەخۆیی نەتەوایەتی بەشێوەیەک دابرێژن.

خاڵ‌و پرەنسیپەکانی ویڵسن راستەوخۆ زۆر وشیارانە وەک زەنگێک روو لە هێزی ئەورووپای رۆژئاوا دەکەن بەرامبەر بە خەتەری تیۆری شۆڕشگێڕانەی بەڵشەوییەکان زەنگی ویڵسن هەروەها داواکارێکیش بوو بۆ نوێکردنەوەی لیبرالیەتو هێزی ئەورووپا، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا وێنەیەکی تری روونی ویڵسن بۆ قانوونەکانی بنچینەیی مافی سەربەخۆیی بڕیاردان،

لەوەدا بەدیار دەکەوێت، کە گۆڕانکارییەکانی رژێمی ئەڵمانیا بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بوون ویڵسن ئاشتییەکی نەئەویست کە سەرکەوتنو ژێرکەوتنی تێدابێت، بەڵام خۆی دۆڕاو نەبوو.

لەدواییدا ئەوەیان راگەیاند پەیمانی (فارسیل) کە ویڵسن خۆی ئەندام بوو تیایدا، تاکو بە ئەنجام گەیاندنی فاکتەرەکانی راستەوخۆ بووەتە هۆی هەڵگیرسانی دووەم جەنگی جیهانی.

٢٥ی مای ٢٠١٧



## بەشی پێنجەم

### پرەنسیپەکان لە بواری کارکردندا

هاوپەیمانەکانو دەستەڵاتە ناوەندەکان (زلهێزەکان) پێکەوە، لە ئەنجامدا چوون بە پیر پرۆسیسی ئاشتییەوە کە سەرچاوەی لە پرۆژەی ئاشتیی (ویڵسن) وە گرتبوو، بەڵام لە ژێرەوە ئەم پرۆژەیە جۆش دەدرا، کە گوایە کەموکوڕی هەیە لە پرنسیپەکانی ویڵسندا، چەندین کەس دەستەپاچە وەستابوون، کاتێک مافی سەربەخۆیی نەتەوەکان، هاتەگۆ (قسەکردن) نموونەی یاریکردن بەدەسەڵات لە پشت پەردەکانەوە، ئەوە بوو کاتێ هێڵی دیاریکراوی سنوورەکان، هاوکات لەگەڵ پەیمانی جەنگ وەستاندنی نێوان نەمساو ئیتالیا، بەگوێرەی پەیمانی نهێنیی لەندەن ساڵی ١٩١٥ جێبەجێ کرابوو، لە خودی پەیمانەکەدا ئەوە لەدایکبوو، کە زمانی لەیەک گەیشتنیان هەبێ لەکاتی جەنگدا لەگەڵ ئیتالیا ئەمەریکا نەچووە ناو شەڕەوە تاکو ساڵی ١٩١٧، بۆیە لەم پەیمانەدا بەشدار نەبوو ئەگەر هاوپەیمانەکان لەسەر بەڵێنەکانی خۆیان مابان،

کە لە پەیمانەکەدا هاتوون، ئەبوایە ئەو ناوچانەی ئیتالی نین، بگەڕابانەوە بۆ ئیتالیا، وەک ناوچەکانی ئیسترینو دال ماتن (کە بۆ کرۆئاسیەکان گەڕایەوە)، وە باشووری تیرۆن، کە بە زمانی ئەڵمانی قسە دەکەن ئەبوایە پرەنسیپیەکانی ویلسن، بێ ناوەڕۆک گۆڕدرابان بۆ شتێکی جوان. ئەو وتووێژانەی لە پشت واشنتۆن - لەندەن - رۆماو پاریسەوە لەدایکبوون، بەشێکی زۆریان لەلایەن ئەو ئەکتەرانەوە نەزانرابوون کە پرەنسیپەکانی مافی سەربەخۆیی نەتەوەیان دەختە ڕوو ئەوانە هەر پێشەوەی شانۆگەرییەکانیان دەدیت.

## ئەوپەڕی توانایان بەکارهێنا

لەئەنجامی لێکدانەوەی پرۆژەی ئاشتیی ویلسندا لەلایەن زۆربەی سەرکردەکانی چەند نەتەوەیی (هەمە نەتەوەیی) یەوە، لەرووی سیاسییەوە ئەوپەڕی توانایان بەکارهێنا بۆ پێشێلکردنی مافەکان. داخوازی بۆ مافی سەربەخۆیی، بەیاننامەکانی ئازادیی سەربەخۆ، قەڵەمڕەوە داگیرکراوەکان، یەکێتیی نەتەوەکانو پەیمانی شەڕ وەستاندن، هەموو بەیەکترەوە بەندن.لە کتێبی قوتابخانەکان، فێری ئەوە دەبین کە جەنگ یارییەک بوو لەنێوان سالانی ١٩١٤ - ١٩١٨ دا، بەڵام مەسەلەی هێزە چەکدارەکان، تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٢٠، لە هەموو ماڵێکی ئەوروپادا هەمیشە باسی لێوە دەکرا ئەو گۆڕانکاریانەش کە لە ساڵەکانی ١٩١٧ - ١٩٢١ دا بەدوای یەکتردا هاتن، زۆر سەختو واقعی بوون.

## دۆڕاوەکان بانگهێشت نەکران

### تاکو پرۆگرامەکە بە تەواوی ئەنجام نەدرا کۆنفرانسی ئاشتی، ئاشکرا نەکرا.

دۆڕاوەکانی شەڕیش بانگهێشت نەکران بۆ فەرەنسا، تاکو ئەو کاتەی پەیمانی ئاشتی بەتەواوی ئامادە کرا بۆ مۆرکردن لەو کاتەدا لەناکاو پیاوە سیاسەتمەدارەکان لەسەر مێزی وتووێژ ئامادە بوون، بەبێ ئەوەی بە تەواوی ئاگاداری ناوەڕۆکی پەیمانەکە بن. لە سەرەتای کردنەوەی کۆنفرانسی ئاشتیدا، ئەمەریکییەکان زۆر ئازاو بەجەرگانە بۆ ئەو ئامانجە راستییانە چوون بە گوێرەی توانا چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی دیار بکەن. لەناو ئەو نەتەوە تێکچڕژاوانەی ئەوروپادا کێشانی سنوور بە گوێرەی پرەنسیپی نەتەوەکان زۆر سەخت بوو. سەبارەت بە کێشەی سنوورەکان ویلسن لە پاریس وتی: (ئەگەر من بە تەواوی شارەزاو ئاگاداری ئەو هەموو نەتەوانە بام هەرگیز خۆم لە قەرەی مافی سەربەخۆیی نەتەوەکان نەدەدا).

باشترین چارە بۆ رێکخستنو دارشتنی سنوور ئەوە بوو کە پشت بە ئامارێکی دانیشتوان ببەستنو زمانی دایکیشیان دیاری بکەن.

بەڵام ئەم ڕێبازە ڕووبەڕووی کێشەیەک بووەوە، ئەویش ئەوە بوو بە گوێرەی ئەو ئاگادارییانەی لەسەر دانیشتوان هەبوون، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا، ئەم ئامارە زۆر کۆن بوو هی ساڵی ١٩١٠ بوو، بێجگە لەوەش، لە میانی شەڕەکەدا بارودۆخی ناوچەکەو دانیشتووان زۆر گۆڕا بوو.بۆیە بەدوای ڕێبازێکی تری شیاوتردا گەڕان بۆ ئەوەی بەتەواوی جێگای باوەڕپێکراوی خەڵک بێ، خەڵک خۆی دوارۆژی خۆیو ئەو دەوڵەتە دیاری بکات کە حەز دەکات تیایدا بژی، ڕێگاش بگرێ لە شەڕو پێکدادان لەنێوان نەتەوەکاندا.

## ڕاپرسی

ڕاپرسی باشترین ڕێباز بوو، کە کۆمەڵانی خەڵک بتوانن دوارۆژی خۆیانی پێ دیاری بکەن. ڕاپرسی، زۆر بە باشی لە چوارچێوەی پرۆژەکەی ویلسنو بزاڤی ئازادیی رادیکالیی، سەردەمی شەڕدا، جێگای دەبووەوەو داخوازییەکیش بوو، بۆ دیموکراسی لە سیاسەتی نێو نەتەوەییدا، لەهەمان کاتدا ڕێبازێکی باشیشە، بۆ ئەوەی ئامانجێکی سەرکەوتووانەی هەبێو پێش ئەنجامدانی مرۆڤ دڵنیابێ لێی ڕاپرسی لۆجیکێکی ڕاستەوخۆ بوو لە پرەنسیپەکانی دیاریکردنی مافی سەربەخۆی.بەڵام ڕاپرسی ڕێبازێکی نوێ نەبوو، فەرەنسا لە کاتی شۆڕشی مەزنی فەرنسادا ئەنجامی دا بۆئەوەی بەهۆیەوە بتوانێ بەشێوەیەکی واقعیانە سنوورەکانی خۆی دیاری بکات.

هەروەها لە ساڵی ١٩٧٠دا ئەم ئەزموونە لە ئیتالیاش لەکاتی یەکگرتنەوەی ویلایەتەکانیدا تاقی کرایەوە بۆیە ئەمە یەکەمجار نییە ئەم ڕێبازە بەخۆ دوورگرتن لە دەست بۆ چەکبردن تاقی دەکرێتەوە.

٢٨ی مای ٢٠١٧



## بەشی شەشەم

## کێشەکانی راپرسینەوەی خەڵک

بەگوێرەی ئەوەی کە ویڵسن پرۆژەی ئاشتی دارِشتبوو هاوپەیمانەکان (سەرکەوتوەکانی شەڕ) بەدوای بەهانەدا دەگەڕان، تاکو لە کاتی راپرسینەوەدا داوای داخوازییەکانیان بکەن.

سلیسفیک، یەکێک بوو لەو ناوچانەی ئەوروپا کە چەند نەتەوەیەک پێکەوە تێیدا دەژیان. لەنیو سەدە زیاتر بوو چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد، ئایا بۆ کام دەوڵەت بگەڕێتەوە؟ چونکە ئەم ناوچەیە لە ساڵی (١٨٦٦) دا بە پروسیاوە (ئەڵمانیای ئێستا) لکابوو، بەڵام لە یەکەم جەنگی جیهانیدا ئەڵمانیا دۆڕاندی، بۆیە ئەم کێشەیە سەری هەڵدابوو، بەپێی پەیماننامەیەک کە لە کاتی خۆیدا مۆر کرابوو، لەنێوان پروسیا-نەمسا-هەنگاریادا، ئەبوایە راپرسینەوەیان بکردبا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، بەڵام(بسمارک) توانیبووی لە ساڵی (١٨٧٨)دا بە تەواوی ئەم بەندە هەڵوەشێنێتەوە کە لە پەیمانی پراگدا سەبارەت بە راپرسین هاتبوو، بەڵام هێشتا هەستێکی بەهێز لەلایەن ئەو دانیمارکانە مابوو، کە لەوێ دەژیان بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئایا لەگەڵ ئەڵمانیا، یان دانیمارکدا بژین؟ کاتێ یەکەم جەنگی جیهانی بەرەو کۆتایی هەنگاوی دەنا دانیمارکەکان، هیوایان لەلا پەیدا بوو کە بگەڕێنەوە باوەشی دایکی نیشتمان. لە ئوکتۆبەری ساڵی (١٩١٨)دا خەڵکی ناوچەی سلیسفیک، واتە سلیسفیکەکانو دانیمارکەکان لە پەرلەمانی ئەڵمانیا، لەڕێی هو.پێ. هانسن-ەوە (H.P.Hansson) کە نوێنەری ئەوان بوو، بە پەرلەمان رابگەیەنن کە جارێکی تر چاو بە پەیمانی پراگدا بخشێنێتەوە. ئەم پەیمانە هیچ(ناکۆکییەکی) لەگەڵ پەیمانی ئاشتی ویڵسندا نەبوو. چاوەڕوانی شنەبای سەرکەوتنیان دەکرد بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان. لە خۆئامادەکردنو دارِشتنی ستراتیژی حکومەتی دانیمارکدا بۆ کۆنفرانسی پاریس

مەسەلەی کەمە نەتەوەی دانیمارک کە بە سلیسفیک دەژیان یەکێک بوو لە پرسیارەکانیان. بوونی ڕێبازی ڕاپرسینەوە مسۆگەرکردنێکی باش بوو، بۆ ئەوەی بتوانن باس لە کێشەکە بکەن، پێیان وابوو، کە داوای ئەو ناوچەیە لە ئەڵمانیای دۆڕاو بکەن. هاوپەیمانەکان نابنە بەربەست، لە شوباتی(١٩١٩) دا، کە تەمەنی پەیمانەکە تەنها مانگێک بوو، هاوپەیمانەکانو داوای ڕێکخستنی ڕاپرسییان کرد لە باکووری سلیسفیک. توندوتیژی نێوان ئەڵمانیا - دانیمارک، لەسەر سنوورەکانیان ڕێگەی خۆش دەکرد بۆئەوەی هاوپەیمانەکان لە بواری کارکردندا، ناوەڕۆکی ڕێبازە نوێکەی پەیمانیان ببینن دەربارەی کێشەی سنوورەکان هەر لە دوای بڕیار لەسەردانیان بۆ ڕاپرسیی، سەرەتای کێشەکان دەستی پێکرد. چونکە ئەم پەیمانە لە بواری کارکدندا، زۆر سەختتر بوو لەوەی کە لە کۆنفرانسدا بڕیاری لەسەر درابوو، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی بە تەواوی لە درێژەی کارەکانیاندا چاو لە بەندی پەیمانەکە بپۆشن، لەدواییدا مێژوو بەدیاری خست کە دوای جەنگ ڕاپرسیی خەڵک لە سلیسفیک بێ کێشەترین ڕاپرسیی بووە.

## گەورەترین سنووری هەڵبژاردنی ناوچەکە

- لەسەرەتای دەستپێکردنی هەڵبژاردنا، یەکەم پرسیار ئەوە بوو کە چۆن سنووری ناوچەی ئەم دەنگدانە دیاری بکەن، سەرەتا پێویست بوو بڕیار بدەن، خەڵکانی سنوورەکە کێن، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە پێویست بوو گەورەترین نەتەوەکان لەناو سنووری ناوچەکەدا دیاری بکەن، بۆ ئەوەی لەڕووی تەکنیکییەوە لەگەڵ پەیمانی هاوپەیمانەکاندا بگونجێو هۆکارێکی چالاکانەش بێت بۆ داهاتوو. بۆئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر ڕاپرسییەکە بدرێت، سەرەتا پێویستی بوو بڕیاری ئەوە بدەن کە گەورەترین سنووری هەڵبژاردنی ناوچەکە دیاری بکەن، هەروەها خەمڵاندنێکی سەرتاییش لە پێکهاتەی نەتەوەکانی ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەی کە پێکهاتەی نەتەوەیی، خودی ئەم ڕاپرسییە ئەنجامی دەدات لەهەمان کاتدا پێویست بوو پێوانەیەک بۆ ئابووریو فاکتەری ستراتیجییەکان بکرێت ئەلتەرناتیڤی سنوورەکان دیاری بکرێت، کە لەکاتی خۆیدا، زۆر کەم کرابوونەوە، هێڵێکی جیاوازی تەواو هەبوو لەنێوان ئەو گرووپەی، دانیان بەو سنوورانەدا دەنا کە لە ساڵی (١٨٦٤)ەوە گۆڕدرابوون، وە گرووپەکەی تر داوای ڕاستکردنەوەی سنوورە مێژووییەکەیان دەکرد. توانرا ئەم کێشەیە لە ڕێگای سازشێکەوە چار بکرێت.سنووری ناوچەر ڕاپرسییان دابەش کرد بەسەر دوو ناوچەدا، هەمان چارەسەر لەدواییدا لە کێشەی باشووری شێرنتێن، لەنێوان نەمساو یۆگۆسلافیادا پیادە کرا.

بە حەزو ئارەزووی هاوپەیمانەکان بۆ پرەنسیپەکانی نەتەوەیی، بەبێ دوودڵی، پێشنیاریان کرد کە دانیمارک سنوورەکانی خۆی زیاتر بەرەو باشوور درێژ بکاتەوە. زۆر بە ڕوونیو ئاشکرایی فەرەنسا حەزی دەکرد کە سنووری ئەڵمانیا کەم بێتەوە بۆئەوەی بێ هێز بێت. بەڵام حکومەتی دانیمارک مەترسیی ئەوەی لەلا پەیدابوو کەمە نەتەوەیەکی ئەڵمانی دێتە ناو سنووری خاکەکەی، بۆیە تاکو توانی دژی ئەم بڕیارە بۆ دانیمارکی گەورە خەباتی کرد.

## هاتبوونە ناوچەکەو نیشتەجێ بووبوون

پرسیارێکی تر ئەوە بوو ئایا کێ بۆی هەیە دەنگ بدا، چونکە لەو ماوەیەدا کە ناوچەکە لەژێر دەستی ئەڵمانیادا بوو بە هەزاران کەس هاتبوونە ناوچەکەو نیشتەجێ بووبوون.دانیمارکیەکان دەیانووت: بە هیچ شێوەیەک نابێ ئەمانە دەنگ بدەن.

**((با ئەمە لەگەڵ تووێژەکانی ئەمڕۆی بەلتیکا بەراورد بکەین، کە بە هەزاران رووسی تێدا نیشتەجێ بوون)).**

سلیسفیکو ناوچەکانی تر کە راپرسییان تێدا کراوە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئە دانیشتووانەی لەوێ ژیاونو لەدایک بوون، لەگەڵ ئەوانەی کۆچیان بۆ کردووە.بڕیاری ئەوەیان دا هەموو ئەو هاوولاتیە ئەڵمانیانەی کە لەنێوان ساڵەکانی ١٨٦٤ تاکو مانگی ١٢ی ١٨٩٨ هاتوون بۆ ناوچەکە، بۆیان هەیە دەنگ بدەن، لەوە بەدواوە بۆیان نییە (ساڵی ١٨٦٤ دانیمارک سلیسفیکی لەدەستدا). هەروەها هەموو ئەو هاوولاتیانەی کە کۆچیان کردبوو. بۆ ماوەی رۆژێک بگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان، بۆئەوەی دەنگ بدەن. دیارە ئەمە بە ئارەزووی ئەڵمانەکان بوو، ئەوانەی ئەڵمانیا کە کۆچیان کردبوو لەناو شارەکانی ئەڵمانیا نیشتەجێ بوون بەڵام دانیمارکەکان لە ناوچەکانی (ئەتلەنت) پەرتەوازە بووبوون پێشوەخت پرسیارێکی زۆر ئاڵۆز هاتە کایەوە.ئایا چۆن راپرسییەکە بخرێتە گەڕ؟ هاوپەیمانەکان بۆچوونێکی روونیان هەبوو، دەیانووت: هێشتا لەرووی پراکتیکەوە لەو ماوەیەدا دەزگایەکی تایبەتی بۆ ناوچەکانی هەڵبژاردن، ئامادە نەکراوە.

٣١ی مای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe




## بەشی حەوتەم

بۆیە باشترین چارە بۆ ئەمە ئەوەبوو کە هاوپەیمانەکان کۆمیتەیەکی نێونەتەوەیی ئامادە بکەن ئەرکی ئەم هەڵبژاردنە بگرێتە ئەستۆو لە بوارای کارکردندا بە ئەنجامی بگەیەنێ، بۆیە کۆمیتەیەک لە ئەندامانی هاوپەیمانەکان (ئیتالیا، بریتانیا، فەرەنسا) پێکهات، هەروەها سویدو نەرویج وەک دوو دەوڵەتی بێلایەن لە کۆمیتەکەدا بەشدار بوون.

بەڵام لە تەواوی هەڵبژاردنەکانی تری ئەوروپادا تەنها کۆمیتەی هاوپەیمانەکان بەشدار بوو ئەو دەزگایەی کە ئامادە کرابوو، لە زۆر لایەنەوە کەموکووڕیی هەبوو، بەڵام لەو مانگانەدا کە لە هەڵبژاردن نزیک بۆوە. ئەوەیان دەستنیشان کرد، کە نابێ هیچ پێشنیاری نوێ بدرێت لەرووی پراکتیکییەوە کاریگەریی هەبێ.

لێدوان دەربارەی بانگەشەی هەڵبژاردن، سەختترین کێشەی کۆمیتەکەی،(سلیسفیکی) بوو چونکە راپرسی، پەستانێکی زۆر لەسەر کۆمەڵ دروست دەکات. ئەڵمانەکانو زمانی ئەڵمانی بەتایبەتی رەنگدانەوەیەکی بەهێزیان هەبوو لە ژیانی کۆمەڵدا چونکە ئەوان لە سلیسفیک رۆژنامەو پەروەردەکردنی بەردەوامیان هەبوو، بۆیە دانیمارکییەکان هەوڵیان دەدا، تاکو پێیان دەکرێن ماوەی راپرسییەکە درێژ بکەنەوە هەردوولا زۆر بەچڕیو بەبێ سنوور بانگەشەی راپرسییان دەست پێکرد.

## ئەوانەی دژی هەڵبژاردن کار دەکەن

کۆمیتەی نێونەتەوەیی، رایگەیاند کە نەهێڵێ، ئەوانەی مافی دەنگدانیان نییە، ئەوانەی لە دەزگاکانی سەرپەرشتیی هەڵبژاردنو ئەوانەی دژی هەڵبژاردن کار دەکەن چالاکییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن بەم جۆرە بۆ نموونە مامۆستاکانو پیاوە ئایینیەکان رێگەیان لێگیرا کە چالاکانە بەشداریی بانگەشە بکەن.



سەرچاوە Serchawe

خراپترین سیناریۆ کە بیری لێ دەکرایەوە بۆ هەڵبژاردن ئەوانە بوون، کە هەوڵیاندەدا دژی هەڵبژاردنەکە پروپاگەندە بکەن، لە چەند ناوچەیەکی راپرسیدا، رەنگدانەوەیەکی زۆر ناخۆشیان لەسەر کۆمەڵ دروست کرد، بۆنموونە راپرسی، لە ناوچەی تێشین لەنێوان پۆلۆنیاو چیکۆسلۆفاکیادا، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمیتەی نێونەتەوەیی لە ناوچەکەدا ئامادە بوو لەبەر دژە هەڵبژاردن، ناچار بوون وازی لێبێنن.

هەروەها راپرسیی ناوچەی گۆرنی سلاسک، لەنێوان پۆلۆنیاو ئەڵمانیادا، چەند رووداوێکی خوێناوی بەخۆیەوە بینی، لەرووی ئابووریەوە هەردووک ناوچەکە شوێنێکی گرنگ بوون، پڕ بوون لە کانی خەڵووزی بەردین، رووداوەکان رەنگدانەوەیان لەسەر نەتەوەکان و ژیانی کۆمەڵ هەبوو، لە ڕوانگەی ئەو دوو ناوچەیەوە کە دوو نموونەی زەقی رووداوەکانن، چەند راستییەک هەڵدەهێنجرێن.

## راپرسیی ١٩٢٠ - ١٩٢١

دەربارەی راپرسیی خەڵک لە باکووری سلیسفیک، هاوپەیمانەکان لەرووی سیاسییەوە هیچ دڵەڕاوکێیەکیان نەبوو. ناخۆشترین کێشەیان ئەوە بوو، چۆن بگەن بە ئامانجێک لەو ناوچانەی لە ئەنجامی شەڕدا، سنووری نوێ پەیدابوو راستکردنەوەی سنووری ناوچەکانی پۆلۆنیا یەکێک بوو لەو کێانە. لە خاڵی سیانزەیەمی پرۆژەکەی ویلسندا هاتبوو، هەموو ئەو ناوچانەی بە رۆشنی دیارن کە دانیشتووەکانیان پۆلۆنین ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ دەوڵەتی پۆلۆنیا. بەوە پۆلۆنیا مسۆگەر کرا کە سنوورەکانی خۆی بۆ سەر لێواری دەریا درێژ بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ناوچەکان، بێجگە لە پۆلۆنی نەتەوەی تریان تێدا دەژین. لە بەشی رۆژهەڵات پرووسیا (ئەڵمانیا) ناوچەی گۆرنی سلاسک، کە ناوچەیەکی گرنگی پیشەسازی بوو، ئەڵمانییەکانو پۆلۆنییەکان شان بەشانی یەکتر تێیدا دەژیان. پۆلۆنیا بەهۆی پشت بەستن هەم بە نەتەوەو هەم بە مێژوو، داوای هەندێ ناوچەی کرد، کە ئەمڕۆ بوونەتە بەشێکی لیتوانیاو رووسیای سپیو ئۆکرانیا. کاتی پۆلۆنییەکان داخوازیی خۆیان بۆ کۆنفرانسی پاریس بەرز کردەوە سەبارەت بە ناوچەی گۆرن سلاسکو رۆژهەڵاتی پرووسیا، کۆنفرانسەکە ئەم ناوچەیەی بەرامبەر بە ناوچەی ئۆلسزتین هەر لە پرووسیا دانا. بۆیە جێگای باسە تەماشا بکەن، کە پۆلۆنیا زۆر بە ئاسایی وەک لیتوانیا نزیک بێتەوە لە پایتەختی رۆژهەڵاتی پرووسیا (کالینگراد)، هەم لەرووی نەتەوەییەوە، هەم بەهۆی بەڵگەکانی مێژووەوە، کەواتە هیچ گومانی نییە کە ئەڵمانیا لە دوای جەنگیش، لە بەشێکی رۆژهەڵاتی ناوچەکانی دەریاچەی (ئۆتەرشۆن)دا مایەوە. هاوپەیمانەکان، بەتایبەتی ئەمەریکاو فەرەنسا سۆزو هەستێکی زۆر بەهێزیان هەبوو بۆ ئەڵمانیا. ئەوەش بەشێکی لەبەرئەوە بوو، کە فەرەنسا دەیویست ئەڵمانێکی بێ هێز هەبێو بەشەکەی تر، نەیانویست لەنێوان مەترسیی‌و رووسیای سوورو ئەوروپای رۆژئاوادا ناوچەیەکی (ئاسایش) دروست بکەن. لەڕاستیدا تەواوی ئەنجامدانی ئەم بڕیارانە دژی دانپێدانانی بڕیارە بنچینەکانی ستراتیجی پرۆسەی ئاشتی بوون، کە بەم



سەرچاوە Serchawe

شێوەیە دەستکاری سنوورەکانی پۆلۆنیا دەکرا. بۆ زیاتر بەدیارکەوتنی ئەم دژایەتییە، پێم وایە ئەمەش نموونەیەکی باشە، بەگوێرەی سەرژمێریکی دانیشتووانی ناوچەی کیدیزین لە

## بەهەر شێوەیەک بێ بگەڕێنەوە بۆ پۆلۆنیا

ساڵی(١٩١٠)دا، لە (٨٥%)ی دانیشتووانی ئەڵمان بوون، بەڵام بە بەهانەی ئەوەی، ئایا دانیشتووان حەز دەکەن لەگەڵ ئەڵمان بژین، یان پۆلۆنیا، هەوڵی رێکخستنی راپرسییەکەیان دا بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەک بێ بگەڕێنەوە بۆ پۆلۆنیا، نەوەک بەگوێرەی پرەنسیپەکانی نەتەوەیی کە ئەبوایە کیدزین (Kwidzyn) ئۆتۆماتیکی بەشێک بوایە لە ئەڵمانیا، لێرەوە زۆر بە زەقی هەست بە بیرکردنەوەی سیاسی دەکرێت بەرامبەر بە نەتەوەکان نەوەک وەک یاسا ئەم ناکۆکیە دژی مافی بڕیاردانی سەربەخۆیی‌و پرەنسیپەکانی پەیمانەکەیە. بەگوێرەی پەیمانەکە ئەبوایە ئۆڵسزتین(Olsztyn) لە رۆژهەڵاتی کیدزین راستەوخۆ گەڕاباوە بۆ ئەڵمان کە لەسەدا پەنجاو دوو ٥٢%ی دانیشتووانی ئەڵمانی بوون‌و تەنها ١٢% پۆلۆنی بوون.

بەگوێرەی سەرژمێریی گشتیی ساڵی ١٩١٠ لەسەدا سی‌و یەک ٣١%ی ناوچەی ئۆلزتین ماسور(Masurer) بوون، کە کاریگەرییەکی تەواوی ئەڵمانیان لەسەر بووەو بەتەواوی بە ئەڵمانییەکی پەتی، بەڵام دیالیکتێکی پۆلۆنی دەدوان.ئەم گرووپە خەڵکە لە سەرەتای ساڵی (١٢٠٠) ەوە لەو ناوچەیەدا ژیاون‌و بە تەواوی لەگەڵ کەلتووری ئەڵمانی - لە ترانکدا گونجاون. هەردوو ناوچەکانی کیدزین‌و ئۆلسزتین کە زۆربەیان ئەڵمانی بوون، ئەگەر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لوید جۆرج (Lioyd George) دژیان نەوەستابا. راسیتەوخۆ بە پۆلۆنیاوە دەلکان. لوید جۆرج بە گەڕانەوە بۆ کۆنفرانسی ئاشتی ئەوەی روون کردەوە، کە ئێوە دەتانەوێ ستایشی پرەنسیپی نەتەوایەتی بکەن، لەکاتێکدا دەتانەوێ دەوڵەتێکی پۆڵۆنی دروست بکەن کە زیاتر لە دوو ملیۆن ئەڵمانی تێدا بژی، لەڕاستیدا ئێوە لە گۆشەی بینینی نەتەوەییەوە بۆی چوون، ئایا هیچ سەرنجێکیشتان بۆ چیکۆسلۆڤاکیا نییە کە زیاتر لە سێ ملیۆن ئەڵمانی تیا بەجێماون، دیارە پۆلۆنییەکان هاوار دەکەن کە ئێمە ناتوانین بژین، ئەگەر ئەو ناوچەیە لەدەست بدەن کە نزیکەی سەدو پەنجا هەزار ئەڵمانی تێدا نیشتەجێن! با ناوچەی ئۆڵسزتینیش بەبێ هیچ وتووێژێک بە پۆلۆنیاوە بلکێ، ((قسەکانی سەرۆکی وەزیران هەموویان بە تەعلیقن))و بڕیاردان لەسەر راپرسی، زیاتر بەشێوەیەکی سازشی سیاسی دێت، لەوەی کە بە ئامانجێکی وشایرانەوە کاری بۆ بکرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک بە ئارەزووی خۆیان چارەنووسی دوارۆژی خۆیان دیاری بکەن.

٥ی جوونی ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe



## بەشی هەشتەم

نوێنەرانی پۆلۆنی بە هیچ شێوەیەک لە کۆنفرانسی پاریس، داوای راپرسیی خەڵکی ئەو ناوچانەیان نەکرد، نە داوای هیچ کۆمیتەیەکیشیان کرد بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەکان کە دان بە راپرسییەکدا بنرێ، وەک ئەوەیە کە دان بە دۆڕاندنێکی راستەقینەدا بنرێ، بۆیە پۆلۆنییەکان هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوون کە لە راپرسییەکاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن.

### کێشەی سێیەمی نێوان پۆلۆنیا - ئەڵمانیا کە لە سەرەتاوە یاسمان کردووە، کێشەی

ئۆبێرشلیخن(Oberschlesien)ە. بەهەمان شێوەی کێشەکانی تر، ئەمەریکاو فەرەنسا ئامادە بوون کە ئەو ناوچە پیشەسازییە بگوێزنەوە بۆ پۆلۆنیا. ئەمڕۆ گەورەترین ناوچەی پیشەسازییە کە ئاوو هەوای بە تەواوی پیس بێت، لە ئەوروپاداو سەر بە پۆلۆنیایە، دۆستە ئەفسوناوییەکانی پۆلۆنیا رایانگەیاند، کە ئەم ناوچەیە بە گوێرەی سەرژمێرێک، وا بەدیار دەخات، لەرووی زمانەوە نزیکەی زۆربەی دانیشتووان پۆلۆنین، لوید جۆرج لەلای خۆیەوە رایگەیاند کە لێکۆڵینەوەی سەرژمێریی دانیشتووان لەرووی زمانەوە هیچ پەیوەندیی بەم رەوتەوە نییە، بەڵکو ئەبێ سەیری پەیوەندیی نێوان خەڵک بکەین لە ناوچەکەدا ئەو تێکڕژانەی نێوان نەتەوەکانو کێشە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگای خۆش کرد بۆ گەورەبوونی کێشەکەو پێکدادان لەنێوان ئەڵمانەکانو پۆلۆنییەکان، راپرسیش نەیتوانی چارەسەری کێشەکە بکات.

### دەوڵەتە دۆڕاوەکانی تریشی گرتەوە

تەنها ئەڵمانیا نەبوو، کە بەشێکی سنوورەکانی کۆنی سەردەمی قەیسەر، بوونە سەرەرمی (تیر) وازەکان. بەڵکو دەوڵەتە دۆڕاوەکانی تریشی گرتەوە، وەک نەمسا لە دوای لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی نەمسا - هەنگاریا، حکومەتی

نوێی نەمسا لە ڤیەننا، واتە کۆماری ئەڵمانیا - نەمسا، بە سەرکردایەتیی کارل ڕێنێر(Karl Renner) کە شۆسیال دیموکرات بوو، هەوڵێکی زۆری دا کە هاوپەیمانەکان رازی بکات، وەک دەوڵەتێکی نوێی سیاسی تەماشای بکەنۆ وە بەدرێژی رژێمی هبسبورگی نەزانن. بەڵام ئەم بانگەوازە، کاریگەریی زۆر کەمی هەبوو لەسەریان، چونکە هەڵبژاردنی ناوەکەی (کۆماری ئەڵمانیا-نەمسا) وەک بەشێک لە دەوڵەتی ئەڵمانیان لێکدایەوە، لەکاتێکدا بەهیچ شێوەیەک دانیان بە دەوڵەتێکی ئەڵمانیای گەورەدا نەدەنا، فەرەنسا حەزی دەکرد بەشێکی ئەڵمانیا، وەک (بومن، هێرن) لەگەڵ چیکۆسلۆڤاکیادا یەک بگرنەوە.

مەبەستی فەرەنسا ئەوە بوو کە ڕێگا لە ئەڵمانیا بگرێ دەسەڵاتی بەسەر ناوجەرگەی ئەوروپادا(Central Eueopean) هەبێت ئەو هۆیانە وایان لە نەمسا کرد کە هەرگیز بە (جددی) داوای راپرسیی نەکات بۆ دوو ناوچە ئەڵمان نشینەکان. لەجیاتی ئەوە حکومەتی ڕێنێر، بیری لەوە کردەوە، کە بەشی کۆنی نەمسا لە نەمسا - هەنگاریا، لە دەوڵەتە نوێکانی چیکۆسلۆڤاکیاو یوگوسلافیا (سربیا، کرۆئاسیاو مەملەکەتی پاشایەتی - سلۆڤانیا کە تاکو ساڵی ١٩٢٩ ئەم ناوەی هەبوو) وە ئیتالیا، بە نرخێکی هەرزان جیا بکرێتەوە.

## ئەوە شتێکی زۆر تایبەت نییە

بەتایبەتی یۆگوسلافیا، بە سنگێکی فراوانەوە بە پیر پرەنسیپەکانی نەتەوەییەوە چوو، بە بەڵگەو بەکار ئامادە بوو. ئەوە شتێکی زۆر تایبەت نییە کە هێڵێکی تەریب بکێشین لەنێوان ئەوساو وتووێژەکانی ئەمڕۆی سربیادا. هەموو ئەو ناوچانەی دانیشتووانیان لێ دەژیان، لە سلاڤی خواروو (کرۆئاسیا، سلۆڤانیا، سرب) بەگوێرەی لێکدانەوەی بەرنامەی ویلسن یوگوسلافیا داوایان دەکات.

هاوینی ١٩١٩ لەنێوان نەمساو یوگوسلافیا سەبارەت بە بەشێکی باشووری شێرتێن کێشەیەکی زۆرگەورە کەوتەوە کە شاری سیلوفیس(Celovec) کەوتۆتە ناوجەرگەیەوە. نەمساوییەکان وایان ئەبینی کە زۆربەی دانیشتووانی ناوچەکە ئەڵمانین، لەلایەکی تریشەوە نەمسا ناچار کرابوو کە خۆی دوور بگرێ لە دەوڵەمەندکردنی ناوچەکە بە زمانی ئەڵمانی. بۆیە نەمسا پێی وابوو، ئەمە پێشێلکردنی مافی دانیشتووانە (بەتایبەتی سلۆڤانەکان) ئەو چەند هەزار سلۆڤانییەی لەوێ دەژین، لەگەڵ ناوچەکە بەگشتی، بۆ کۆماری نەمسا بگەڕێنرێنەوە.

نەمساو یۆگۆسلافیا، دەیانویست سنووری ناوچەکە دیاری بکەن، بۆئەوەی کۆتایی بە کێشەکە بێنن، بێجگە لە شێرتین، سنووری ناوچەیی باشووری شتێرمارک کە دەکەوتە دەوروپشتی شارەکانی رادگۆنە(Radgona)و ماری بور(Maribor)

دانیشتووانی سلۆڤان بوون، دیاری بکەن. نەمسا پێی لەسەر ئەوە داگرتبوو، بەگوێرەی بەڵگەنامەکان، ئەبێ رۆژئاوای هێڵی شەمەندەفەرەکە لەگەڵ زنجیرەکانی چیای کاروانکەر درێژ دەبێتەوە.وە شاری ماری بوریش بە تەواوی بۆ نەمسا بگەڕێنەوە. تەنها، ناوچەی شێرتین، لەڕێی راپرسییەوە چارەسەر بکرێت. سەرەڕای ئەوەی ناوچەی کراین(Krain) بە ناوجەرگەی سلۆڤانەکان دەدرایە قەڵەمو شێرتین بە ناوکی مێژووی سلۆڤانەکان ناسرابوو.

## دەسەڵاتی شارەکان بەدەست ئەڵمانەکانەوە بوو

سلۆڤانەکان دەیانوت کە بوونی ئەڵمانەکان لەو ناوچەیەدا، ئەنجامی تێکۆشانی رژێمی جەرمەنی((german هبسبورگە. بەڵام لەڕاستیدا سلۆڤانەکانو ئەڵمانەکان پێشهاتنی رژێمی هبسبورگ زۆر لەمێژو بوو لەو ناوچانەدا دەژیان. دەسەڵاتی شارەکان بەدەست ئەڵمانەکانەوە بوو، سلۆڤانەکانیش حوکمڕانیی گوندەکانیان دەکرد. کۆمیتەیەکی لێکۆڵەرەوەی ئەمەریکایی، کە بەپێی پەیمانی ویڵسن چووبوون بۆ ناوچەکە، ئەوەیان راگەیاندو ئێمە سەرمان سوڕ دەمێنێ کە زۆربەی خەڵکی گوندەکانیش بە ئەڵمانی دەدوێن. لە سەردانی کۆمیتەکەدا بۆ باشووری شێرتێن لە ساڵی ١٩١٩دا، بینیبوویان کە خەڵکی بە دوو زمانی بێگانە قسە دەکەن. نوێنەری یوگۆسلافیا لە پاریس وتی: دانیشتووانی ئەم ناوچانە، کە سلۆڤانین، خۆیان هەمیشە حەزیان دەکرد کە بە زمانێکی بێگانە قسە بکەن، لەوانەش زمانی ئەڵمانی، بۆیە ویڵسن وای بۆچوو، کە ناسنامەی نەتەوەکانی ئەم ناوچایە روون نییە، بۆیە پێویستە راپرسیی بکرێت.

هەردوولایەنەکان بە تەواوی دژی ئەم راپرسییە بوون لە ناوچەکەدا، وتیان بەهیچ شێوەیەک یەکێتیی ئابووریی ئەم ناوچەیە دابەش ناکرێت.بۆیە وا بەدیار کەوت کە زۆر سەختە بگاتە رێککەوتنێک. چونکە یوگوسلافیا داواکارییەکانی کۆنفرانسی ئاشتی رەتکردنەوە، پێشنیاری نەمساش بۆ راپرسیی، ئەو بەڵگەنای دەهێنانەوە کە لە ئەنجامی ئەو ماوە دوورودرێژەی پرۆسەی مەجەرەکان بەردەوام بووە لە ناوچەکەدا، ئەوە خەڵکەکە دوودڵ دەدات لە راپرسیی یوگۆسلاڤییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کە پێشنیاری کۆنفرانسیان رەت کردبووەوە، ئەوەیان راگەیاند، کە هاوپەیمانەکان بەشێوەیەکی توند لەگەڵ ئێمە وتووێژ دەکەن بەڵام لەڕاستیشدا پێ لەسەر راپرسییەکە داناگرن.

## بۆ داواکاریی راپرسیی

فەرەنساو بەریتانیا لەگەڵ چارەسەری ویڵسندا بوون، بۆ داواکاریی راپرسیی، بەڵام ئیتالیا، داوای دیاری کردنی سنوورەکانی خۆی لە یوگۆسلافیا دەکرد، بۆیە ئیتالیا پشتگیریی تەواوی بۆ نەمساییەکان راگەیاند، کە ناوچەی شێرتێن بگەرێتەوە بۆ نەمسا، بارودۆخەکە توندیی زۆری پێوە دیار بوو، دژە گونجان، دژە پێشنیار لەنێوان لایەنەکاندا هەبوون،



سەرچاوە Serchawe

بەڵام هاوپەیمانەکان بەبێ ئارەزووی یوگۆسلافیا گەیشتنە پەیمانێک، کە پێویستە راپرسیی بکرێت، بەڵام سەرەتا ئیتالیا بە تەواوی سنوورەکانی خۆی لەگەڵ یوگۆسلافیادا دیاری بکات، ئەوکات یوگۆسلافیاش بۆی هەبێ راپرسیی لەسەر شێرتێن بکات.

## دووەم راپرسیی نەمسا لەسەر ناوچە کەمەکەی رۆژئاوای هەنگاریا بوو.

ئەم هەڵبژاردنە بە تەواوی بارودۆخی بەرەو پێشەوەچوونی سیاسیی لە ناوجەرگەی ئەوروپادا دیاری دەکرد. چونکە لەراستیدا ئەم ناوچەیە هێندە بچووک بوو، ئەو هەموو هەلایەی نەدەویست، ئەم کێشەیە تەنها دەوروپشتی شاری سوپرن (Sopron) ی دەگرتەوە. بەڵام ئەمە نموونەیەکی پڕبایەخدارە بۆ ئەوەی زۆر بەروونی ئەوە ببینین کە بەکارهێنانی مافی سەربەخۆیی چۆن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سیاسییەکاندا گەشەیان دەکرد.

رۆژئاوای هەنگاریا، کە دانیشتووانی ئەڵمانی بوون، کێشەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٧٠٠، کە ئیمپریاتۆریەتی سیاسیی هبسبورگ، حوکمڕانیی ناوچەکەی دەکرد ئامانجی ئەم کۆلۆنیالەی ئەڵمانیا، لە ناوچەکەدا ئەوەبوو کە جووتیارە کاسۆلیکەکانی ئەڵمانیا دەیانویست سەرنجی جەرمەنەکان بۆ خۆیان راکێشن کە پێکەوە بژین. چونکە لەو کاتەدا ئەڵمانەکانو جەرمەنەکان هەرگیز بیری نەتەوەییان نەکردۆتەوە، زۆر دووربوون لێی، هاتووچۆ کردن لە نێوانیاندا زۆر ئاسایی بوو، بەتایبەتی لەلایەن نەمساوە، تەنانەت دوای ئەو رێککەوتنەی نێوان نەمسا -هەنگاریاش لە ساڵی ١٨٦٧دا، بە سەدان کرێکاری رۆژئاوای هەنگاریا لە رۆژئاوای خۆیاندا بەدوای ئیش کردندا دەگەڕان، چونکە شارەزایی هەنگارەکان دەربارەی سترۆکتۆری کشتوکاڵ، بووبووە جێگای بایەخپێدان لە ڤیەنای پایتەخت، بۆ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەیان.

دوای ساڵی ١٨٦٧ سیاسەتمەدارە مەجەڕەکان، دەستیان بە جوڵانەوەیەک کرد بۆئەوەی بتوانن بەرەبەرە کاریگەریی زمانی ئەڵمانی کەم بکەنەوە.

٦ی جوونی ٢٠١٧




## بەشی نۆیەم

شابەکان (دانیشتووانی رۆژئاوای هەنگاریا) دوای یەکەم جەنگی جیهانی بوونە فاکتەرێکی گرنگی سیاسی لە کاتی دارشتنەوەی هەیکەلی ئەوروپادا رۆژئاوای هەنگاریا وەرەقەیەکی باش بوو بۆ یاری پێکردن لەسەر کێشەی ئەنشلوس (Anschluss) لەنێوان ئەڵمانیاو نەمسادا. شابەکان (Schwaber) لە بەشەکانی تری هەنگاریا بووبوونە لانەیەکی سیخوڕیی بەهێز بۆ نەمسا، بەتایبەتی لە بودابێستو ناوچەیەکی تری گرنگی شابەکان لە باشووری هەنگاریا بوو، لە نزیک سنووری یوگۆسلافیاو رۆمانیا (بارانیە، باسکەو بانتێت).لە چاکەی شابەکاندا بۆ نەمسا، نەمسا لەرووی ئابورییەوە یارمەتی دەدانو بە دزییەوە چەکیشی پێدەدان. گرنگترین سەرهەڵدانی کێشەکە کاتێ بەدیار کەوت کە بەلشەفییەکان لە ٢١ی ئاداری ١٩١٩دا بە سەرۆکایەتی بێلاکون(Belakun) لە بودابێست دەسەڵاتیان گرتە دەست، دەسەڵاتی رژێمی بیلا بە واتای ئەوە بوو کە مەترسیی بەلشەفییەکان بەر دەرگای ماڵی ڤیەنناى گرتبوو.

### بە خۆڕایی بدرێن بە نەمسا

کارل رێنێر، پێشنیاری ئەوەی کردبوو کە کێشەی رۆژئاوای هەنگاریا لە رێگای راپرسییەوە کۆتایی پێبێت. بەڵام دەستبەسەرداگرتنی بودابیچست لەلایەن بەلشەفییەکانەوە، بووە هۆی ئەوەی کە تەواوی ناوچەکانی رۆژئاوای هەنگاریا بە خۆڕایی بدرێن بە نەمسا، چونکە هاوپەیمانەکان رازی نەبوون لەگەڵ بێلاکون وتوویژ بکەن. دوای ئەوەی لە ١٠ - ١٢ - ١٩١٩ دا نەمسا پەیمانی ئاشتیی مۆر کرد، حکومەتی نەمسا، خۆی ئامادە کرد، کە ناوچەی رۆژئاوای هەنگاریا، بەبێ راپرسیی بلکێنرێ بە نەمساوە کە لە مانگی هەشتدا رژێمی بێلاکون رووخا، حکومەتی نوێی بودابێست رایگەیاند، دان بەو پەیمانەدا نانێ، کە پەیوەندیی بە ئازارەکانی هەنگاریاوە هەیەو لە ماوەیەکی کورتی دەسەڵاتی بەلشەفییەکاندا ئەم

پیەمانە بەستراوە. بۆیە کێشەکە جارێکی تر زیندوو بووەوە. ئەم جارە نۆرەی هەنگارەکان بوو، کە داوای ئەنجامدانی راپرسییەک بکەن بەڵام نەمساییەکان رازینەبوون دان بەو راپرسییەدا بنێن. چونکە بەگوێرەی پەیمانێک کە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە مۆر کرا، ناوچەکە درابوو بە نەمسا، بۆیە لە وەڵامدانەوەی نەمساییەکاندا، هەنگارەکان خۆیان ئامادەکرد لەو ناوچانەدا دەست بە شەڕی پارتیزانی بکەن، بۆ دەرکردنی حکومەتی نەمسا.

## ناوچەکە بە نەمساوە بلکێنرێ

نەمسا هەستی کرد، کە زۆر سەختە دەسەڵات بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێ، گەرچی لە پەیمانی ئاشتیشدا بەتەواوی سەربەخۆیی درابووە نەمسا، کە ناوچەکە بە نەمساوە بلکێنرێ، بۆیە ئیتالیاو چیکۆسلۆڤاکیا، کەوتنە بەین، لەکۆتاییدا نەمساو هەنگاریا، بڕیاریاندا لە ١٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١دا راپرسییەک بکەن، بەڵام ئەو راپرسییە هەموو ناوچەکانی رۆژئاوای هەنگاریای نەگرتەوە، لەڵکو تەنها بەشێکی کەمی دەوروپشتی شاری سوپرونی گرتەوە.

تەنها شەش ناوچە راپرسیی تێدا رێکخراو کرا دوای بەستنی کۆنفرانسی ئاشتی، کۆنفرانسی پاریس بڕیاری ئەنجامدانی دوو راپرسیی تر لە ئەوروپادا درا، یەکیان لە تێشێن (Teschen) لەسەر سنوورەکانی چیکۆسلۆڤاکیاو پۆلۆنیا، وە ئەوەی تریان بە ڤیلنیوس (Vilnius) لەنێوان پۆلۆنیاو لیتوانیادا، بەڵام بەهۆی ئەو بارە ئاڵۆزەی لە ناوچەکەدا هاتەکایەوە، نەتوانرا ئەنجام بدرێن.

## لەدوای راپرسییەکە بکرێت

پیلانی وا دانرابوو، کە وتووێژ لەسەر دوو راپرسیی تریش بکرێ، بۆ ئەم خۆئامادەکردنە گرووپێکی نێونەتەوەیی ئامادە کرا، کە چاودێریی ناوچەکە بکەن. لەوانە سار(saar)، کە ناوچەیەکی گرنگی کانەکان بوو لەسەر سنووری فەرەنسا-ئەڵمانیا، بڕیار درابوو، کە تاکو ساڵی ١٩٣٥ لەژێر چاودێری کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بێتو لەدوای راپرسییەکە بکرێت، ئاخۆ ناوچەکە بۆ فەرەنسا، یان ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە؟ لەو ماوەیەدا فەرەنسا لەرووی ئابوورییەوە (لە بری زیانەکانی شەڕ) بە تەواوی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێت. مافیشی هەبوو کە قوتابخانەی زمانی فەرەنسی تێدا بکاتەوە، ئەم بۆچوونە تەنها بۆ ئەوەبوو کە لەکاتی راپرسییدا بتوانێ بە زۆربەی دەنگ هەڵبژاردنەکە بباتەوەو ئەڵمانیا بدۆڕێ.

راپرسیی ئویپین - مالمدی (Eupen - Malmedy) لە هەموویان زیاتر هاوپەیمانەکانی شڵەژاندبوون. نەیاندەتوانی بە پێوانەی یاسای مافی سەربەخۆیی نەتەوەیی ئازارەکان بکێشن. چونکە ئەو ناوچەیەیان لەسەر سنووری ئەڵمانیا گواستبۆوە

بۆ ناو سنووری بولگاریاو لە کۆنفرانسی ئاشتیدا برشیاری لەسەر درابوو. بەڵام ئەوەشیان ڕاگەیاندبوو، ئەگەر لە ماوەی شەش مانگدا ئەڵمانەکانی دانیشتووی ناوچەکە بەو سنوورە نوێیە ڕازی نەبوون دەتوانن یادداشتێکی ناڕەزایی بدەن بە حکومەتی بولگاریا، بەڵام کاتێ شەش مانگەکە تەواو بوو تەنها ٢٥٠ کەس لە ٦٤٠٠٠ ئەڵمانی کە لە ناوچەکەدا دەژیان ناڕەزاییان دەربڕیبوو. بەگوێرەی ئەم ئامارە، هەڵبەتە بەدیار کەوت، کە ئەڵمانەکان بە سنوورە نوێکە ڕازین، بەڵام دوای ئەوە ئاشکرا بوو کە حکومەتی بولگاریا هەڕەشەی لێکردوون بە گەمارۆدانی خۆراکو هاتووچۆ، ئەگەر وا پیشان بدەن کە ناڕازین بە نیشتمانی نوێ حکومەت بە توندیش ڕەخنەی لەو دوو ناوچەیە گرت، کە ئەڵمانییەکان ناڕەزاییان لە بەڕێوەبەرایەتیی پارێزگادا بەجێهێشتبوو.

## ڕێبازێکی چالاکانە

هەموو ئەو نموونانە بەدیار دەخەن، کە بڕیاری سەربەخۆیی نەتەوایەتی لە پراکتیکدا چەند سەختە جێبەجێ بکرێت، بێجگە لەوەش، بەدیار کەوت کە چۆن ئەو پرەنسیپانەیان بەکار دەهێنا لە پێناو خزمەتێکی تردا. کە بەهیچ شێوەیەک باسی لێوە نەکرابوو جێگای سەرسوڕمان نییە کە ئەو گۆڕانکارییانەی لە گۆڕانی سترۆکتورەکاندا کرا بۆتە هۆی ململانێو شەڕ، لە ئەنجامی بەدیارخستنیاندا بەشێوەیەکی تر ڕاپرسییەکان ئەوەیان سەلماند، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بکرێن، دەتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێن، ناوچەی سلیسفیک کە دابەش کرا بەشێکی بۆ دانیمارکو بەشەکەی دی کە بەشی باشوور بوو، لەناو ئازاری ئەڵمانیادا مایەوە، ئەمە تەواو بەگوێرەی یاسای ڕاپرسیی بوو، خەڵکەکەش بە ئەنجامەکەی ڕازی بوون.

ئولسزتێنو کویدزین، هەردوو ناوچەکە زۆربەیان دەنگیاندا کە لەگەڵ ئەڵمانیادا بژین، هەردوو ناوچەکە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی پرووسیا(ئەڵمانیا) لە ئۆبێرشلیخن. لە ئەنجامی ڕاپرسییدا، دەنگەکان ئەوەندە لێک نزیک بوون، کە زۆر کێشەیان خستنەوە کە لە سەرەتاوە چاوەڕوان نەدەکران.زۆربەی بەشی ڕۆژئاوا دەنگیان بۆ ئەڵمانیادا، بەڵام لەناوچەرگەی ناوچەی پیشەسازیدا پۆلۆنییەکان زۆربەی دەنگیان هێنا، ئەم ئەنجامە بووە هۆی ناکۆکی لەنێوان هاوپەیمانەکاندا، هەروەها شەڕو ئاژاوەیەکی زۆریشی لە ناوچەکەدا بەرپاکرد. دەرکردنی بڕیاریان بە کۆمەڵەی نەتەوەکان سپارد. لە ١٥ی ئاداری ١٩٢٢دا کۆمەڵەی نەتەوەکان، بڕیاریاندا کە سێ لەسەر چواری ناوچەکە بدرێت بە ئەڵمانیا، پاشماوەکەی لەگەڵ تەواوی ناوچەی کانزای ئۆبێرشلیخن درا بە ئەڵمانیا.

٧ی جوونی ٢٠١٧




## بەشی دەیەم

راپرسیی شێرتێن، بە قازانجی نەمسا کۆتایی پێهات، کۆمەڵانی خەڵک، بەوپەڕی گەرمیو پێخۆشحاڵییەوە، لە ناوچەکانی باشوور زۆربەیان دەنگیان دا بە نەمسا. ئەنجامەکەی بەتەواوی یوگۆسلافیای نائومێد کرد، بەرامبەر بەوە لە خۆشیا نەمسا تەپڵی سەرکەوتنی لێدا، چونکە بەپێی ئاماری زمان، ئەبوایە سلۆڤانەکانی باشوور دەنگیان دابا بە یوگۆسلافیا، چونکە هەواداریکی زۆریان بۆ دەوڵەتە نوێکەی باشوور (سلاڤیا) هەبوو.بەرامبەر بەوە راپرسییەکەی سوپۆن بە دۆڕاندنی نەمسا کۆتایی پێهات.

کۆمیتەی نێونەتەوەیی کە چاودێریی راپرسییەکەی سوپرینی دەکرد بەهیچ شێوەیەک نەیتوانی بەر لە تووڕەیی هەنگارییەکان بگرێ، بۆیە تاکو ماوەیەکی دوورودرێژ نەمسا سووربوو لەسەر ئەوەی کە دان بە دۆڕاندنی خۆیدا نەنێ، بۆیە تاکو ئێستاش، نەمسا رایدەگەنێ کە تەنها راپرسیی شێرتێن بە تەواوی کراوەو بەشێوەیەکی قانوونی بەڕێوە چووە. بەڵام راپرسییەکەی سوپرن بە ساختە (تەزویر) دەزانێ.

وەک رێبازێکی پراکتیکی، راپرسیی، باشترین کارە کە ئەنجام بدرێت، وە ئەنجامەکەی زەمینەیەکی لەبار دەرەخسێنێ، بۆ ئەوەی کێشەی ئازارەکان چارەسەر بکرێت بەڵام چۆن راپرسی، بە پەیوەندی بە پرەنسیپەوە، ئاراستە دەکرێت، لە بواری بەکارهێناندا؟

## راپرسیی بەدیاری خستووە

ئەگەر لە ئەنجامی راپرسییەکە بکۆڵرابایەوە بەدیار دەکەوت کە دژی ئامانجە دیاریکراوەکانە، ئەوە وێنەیەکی راستەقینە

بەدیار ناخات. بۆیە ئەبێ زۆر بە وردی لە پەیوەندییە نەتەوەییەکانی دانیشتووانی ناوچەکە بکۆڵدرێتەوە. لەرووی زانستییەوە راپرسی بەدیاری خستووە، کە بەگوێرەی پرەنسیپە نەتەوەییەکان مەحاڵە دەوڵەتێکی تاکە نەژادی لێبکەوێتەوە، لەدوای راپرسیی، نەتەوەی زۆر بچووک لەناو سنوورەکاندا دەژین، کە لەوانەیە دوژمنایەتیی تێدا دروست بێت، بەڵام بەگوێرەی مافی هەڵبژاردن، ئەبێ ئەو مەمە نەتەوەییانە لە چوارچێوەی سنوورێکی نوێدا بژین، هەرچەندە لەوانەیە زۆر کەس هەبێ دژی ئەم چارەنووسە بێ، ئۆڤیند ئوستێرود (Oyvind Osterud) کە پرۆفیسۆرە لە لێکۆڵینەوەی کێشەکانی نێونەتەوەییدا، لە تیۆرەکەی خۆیدا رایگەیاندووە کە بیری مافی نەتەوەیی سەربەخۆ لەرێی راپرسییەوە، بریتییە لە هەوڵدانێکی لۆجیکیی دژوار، کە مافی تاکەکەس دەگوێزێتەوە بۆ ناو کۆمەڵ، وە زۆر کەس ناچار دەبێت بەبێ ئارەزووەکانی خۆی، ماڵەکەی خۆی بگوێزێتەوە بۆ دەوڵەتێکی هەڵە.

## راپرسیی باشترین ئامرازە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سنوور

ئۆتێرود، هەروەها رەخنە لەوەش دەگرێت کە سنووری ناوچەی هەڵبژاردن دیاری دەکرێت، چونکە ئەو پێیوایە کاریگەریی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەیە. ئەگەر بەشێوەیەکی رەخنەگرانە تەماشای رەخنەکانی ئوستێرود بکەین، دەبێ ئەوەی پێبڵێین، کە هەڵبەتە راپرسیی باشترین ئامرازە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سنوور بەڵام ئایا لەهەمان کاتدا باس لەسەر مافی سەربەخۆیی نەتەوایەتی دەکات.؟ ئایا لەراستیدا خەڵک، دەنگ بۆ کام راپرسیی دەدات؟ ئایا مرۆڤ بەتەواوی ئەوەی بۆ بەدیارکەوتووە، کە زۆربەی خەڵکەکان، دەنگ دەدەن، بۆ باشترین ئەلتەرناتیف، کە لەگەڵ ناسنامەی نەتەوایەتییاندا یەک بگرێتەوە؟ ئایا مرۆڤ بەتەواوی دڵنیایە، کە هەموو تاکە کەسێک لە ماوەی نێوان ۱۹۱۷ - ۱۹۲۱دا هەستی تەواوی ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆی هەبووە؟

**ئەوە هۆی ئەوەیە کە نیشانەیەکی پرسیار دانێین، کە راپرسیی لە دوای یەکەم جەنگی جیهانی هەڵبژاردن بووە لەنێوان دوو دەوڵەتدا، نەک دوو نەتەوە.**

لە بارودۆخێکی وەهای هەڵبژاردندا، مرۆڤ دڵنیا نییە کە ناسنامەی نەتەوایەتیی پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. مافەکانی هەڵبژاردن، بۆ ژیا، لەدوای یەکەم جەنگی جیهانیی واقیعدا، هەڵبەتە مرۆڤ زیاتر هەوڵی ژیانی خۆی داوە، بۆ بەرەوپێشەوەچوون، نەک گەڕان بەدوای ئایدیالیزمی نەتەوەییدا، سکی برسی بە ناسنامەی نەتەوایەتی تێر نابێت. پێویستە ئەوەش دەستنیشان بکەین، کە زۆربەی ئەنجامدانی راپرسیی، مێژووی پێکەوە ژیانی کۆمەڵ بە ناوچەکەدا لەبەریەک هەڵدەوەشێنێتەوە، کە کاریگەریی لەسەر زۆربە دەبێت.

## یەکەمجار ئەوان دەنگیان دا

بەم پێودانگە، ئەتوانین بەتەواوی لەوە بگەین بۆچی زیاتر لە دە هەزار سلۆڤانی ئەوەیان هەڵبژارد، کە لەگەڵ نەمسادا بژین، نەک یوگۆسلافیا، ئەگەر سلۆڤانەکانی مەڵبەندی راپرسیی باشوور، یوگۆسلافیایان هەڵبژاردبا، کە یەکەمجار ئەوان دەنگیان دا، ئەبوایە ناوچەی شێرنتێن، لەنێوان نەمساو یوگۆسلافیادا دابەشکرابا.

ئەم شێوە دابەشکردنە، بە واتای ئەوەیە کە سلۆڤانەکان ئابووریو سەنتەری رۆشنبیریی خۆیان لە سیلوفیس، لەدەستدەدا. هۆیەکی تری گرنگ، ئەوەبوو گەنجەکانی سلۆڤانیا نەمسایان هەڵبژارد، چونکە مرۆڤ ئازادە لە سەربازیکردن، بەڵام ئەبوایە لەیوگۆسلافیا سەربازی بکەن. لەهەمان کاتدا سلۆڤانەکانی کاسۆلیک بێزار بوون لەوەی کە ئەرتەدرۆکسەکانی بێلگراد، سەرپەرشتیان بکەن. خاڵێکی تری گرنگ ئەوە بوو کە لەراستیدا سلۆڤانەکان دوو زمانی جیاوازیان هەبوو، کە قسەیان پێدەکردن، ئەمەش فاکتەرێکی بەهێز بوو، کە نەمسایان هەڵبژارد.

## هەمووان دەنگیان دا؟

سەرکۆماری ئەمریکی ویلسن، بیری لەوە نەکردبووەوە، کە پرەنسیپەکانی مافی بڕیاردانی سەربەخۆیی نەتەوەیی لە کێشەکانی ئەوروپادا بەکاربهێنێ، بەڵام هاوپەیمانەکان چەند سیگناڵێکی (تەزویریان) نارد بۆ ئەوروپای لە جەنگ ماندووبوو، ئەگەر داخوازییە بێخەوشەکانی راپرسیی، کە لە ماوەی ساڵی ١٩١٩ کران، هەڵسەنگێنین، ئەوا بۆمان بەدیار دەکەوێت، کە ئەوروپا دوای جەنگ لە ئەندێشەدا دەژیا. هزری ئەوەیان دەکرد، کە ئەوروپا دابەش بکرێت بەسەر چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی داخوازی راپرسییدا، بەڵگەیەک نییە بۆ ئەوەی پێشبینی ئەوە بکرێت کە شێوەیەکی پێکهاتەی نوێی دەوڵەتەکان بەگوێرەی پرەنسیپەکانی نەتەوەیی پێکبێت ئەوان وایان هەست پێدەکرد، پرەنسیپەکان وا دێنە بەرچاو کە بەڵگەی کاریگەرو باوەڕپێکراون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنوورەکان.

## لیستێکی ناو کۆ کرایەوە

مێژووی داواکردنی مافی سەربەخۆیی نەتەوەکان، مێژوویەکی دووردرێژ، بۆ نموونە ئۆلاند( (Oland لە میانی ساڵەکانی ١٩١٧ - ١٩٢١دا بە بەردەوامی هێزی پشتیوانی خۆیان کۆکردەوە، بۆ ئەوەی مافی ئەوە بەدەستبێنن کە بگەڕێنەوە باوەشی دەوڵەتی سوید، بۆ ئەو مەبەستە لە هاوینی ١٩١٧ دا لیستێکی ناو کۆ کرایەوە، تا ئەو کاتە هێشتا ویلسن پرۆژەکەی خۆی ئاشکرا نەکردبوو وەزیری سوید ئێریک پاڵم سترینو یولوس سوند بادبلوم، جوڵاندنەوەی ئۆلاندیان دروستکرد، کە

ستراتیجییەکەی بریتی بوو لە داواکردنی مافی سەربەخۆیی بۆ خەڵکی ئۆلاند. نوێنەرێکی ئەم جووڵانەوەیە، چوو بۆ فەرەنسا، بۆئەوەی بە ئاشکرا رابگەیەنین، کە ئەوە خەباتێکە بەتەواوی لەگەڵ پرەنسیپە نایابەکانی ویڵسندا دەگونجێ. لە ٢٢ی مایسی ١٩١٩ دا سوید لە پاریس پێشنیاری ئەوەی کرد کە کێشەی ئۆلاند لە رێگای راپرسییەوە، چارەسەر بکرێت. لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩١٩دا، حکومەتی فینلەندا رایگەیاند، کە راپرسیی، لە ئۆلاند شتێکی نارەوایە، چونکە ئەمە راستەوخۆ خۆتێهەڵقورتاندنی بێگانەیە لە خاکی فینلەندا. دوای ئەم رەنگدانەوە نەگەتیڤەی فینلەندا، خەڵکی ئۆلاند بڕیاریاندا کە خۆیان راپرسییەک رێکبخەن (٩٧٣٣) کەس دەنگیان دا بۆ سوید، (٤٦١) دەنگیش بۆ فینلەندا. لە کۆتایی حوزەیرانی هەمان ساڵدا نوێنەرێکی تری خەڵکی ئۆلاند چوو بۆ پاریس، بۆ ئەوەی لە ئەندامی راپرسییەکە، ئاگاداریان بکانو پێیان رابگەیەنێ ئەمە بەهێزترین بەڵگەیە کە ئۆلاندەکان بە ئارەزووی خۆیان بڕیاریانداوە لەگەڵ سویددا تێکەڵاو بن (بەراوردی بکە) لەگەڵ بەڵگەکانی سلۆڤانەکان، لە ساڵی ١٩١٩دا ئەوەشیان راگەیاند، کە ئامادە ین، راپرسییەکی تریش رێکبخەین، ئەگەر کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئارەزووی سەرپەرشتی بکات.

### بەڵام بێ سوود بوو

هەمان بارودۆخی ئۆلاند لە ناوچەی ڤۆرال بێری (Voralbery) لە نەمسا دووبارە بووەوە. کە لە نزیک سنووری سویسرا بوو، لە راپرسییەکدا خەڵکی ناوچەکە لە ئاداری ١٩١٩دا لە ٨٠%ی دەنگیان بۆ سویسرا دا.

خەڵکی ڤۆرال بێری، زۆر هەوڵیدا، کە هاوپەیمانەکان رازی بکات، کۆمیتەیەکی نێونەتەوەیی بنێرێ، سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە بکات، بەڵام بێ سوود بوو. بەگوێرەی هەندێ ئامار، ئەبوایە دوای یەکەم جەنگی جیهانی لە سەرتاسەری ئەوروپادا نزیکەی ٧٠ ملیۆن کەس بەشداری لە راپرسییدا بکردایە.

گەرچی تەنها سێ ملیۆنو نیو، بەشداریان کرد، لەوانە دوو ملیۆنو نیو لە ئویێرشلخین دەژیان داخوازیی راپرسیی، زیاتر ئەم کەمە نەتەوەییانەی دەگرتەووە، کە بەشێوەیەکی زەق هەست بە بوونیان دەکرا، بەڵام کەمە نەتەوەیی وا هەبوون، کە کەم خەڵک هەستی دەکرد لە خودی نیشتمانەکەشدا هەن وەک سودێت ئەڵمانی (Sudettyska) کە لە چیکۆسلۆڤاکیا دەژین. زۆربەی ئەم نەتەوە بچووکانە لەلای سەرکردە سیاسییەکانی هاوپەیمانان نەناسراوبوون وەک ئۆلاندیان لە سویدو کارپاتۆ - ریوتێنەکان لە سەرووی هەنگاریا. ئەم گرووپانە وانە کارپاتۆ-ریوتێنو سودێت ئەڵمان، بەبێ راپرسیی بە ئارەزووی خۆیان لە چیکۆسلۆڤاکیا دەژیان.

سیودێت ئەڵمانو کارپاتۆ - رۆتێن، دوو نموونەی ئاشکران، کە هیچ واتایەکی پەیوەندیی سیاسیان نییە، بۆئەوەی کێشەی سنوورەکانیان بۆ چارەسەر بکرێت. لەلایەن هاوپەیمانەکانیشەوە هەرگیز دان بە سیودێت ئەڵمانەکاندا نەندرا بۆ مافی

سەربەخۆیی نەتەوەیی. بێجگە لەمەش، هەرگیز رازی نەبوون بەشێکی نەمسا بخەنە سەر ئەڵمانیا سەبارەت بە کێشەی کارپاتۆ - رۆتێن بەهیچ شێوەیەک کاریگەریی لەسەر توانای چیکەکان نەبوو کە داوای مافی خۆیان بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا لە کارپاتۆ*رۆتێنەکان لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٨ - ١٩١٩ دا، چەندین گرووپو تاقمی جیاجیا هەبوون کە بیریان لەوە دەکردەوە بگەڕێنەوە بۆ روسیا، ئۆگرانیا، هەنگاریا، یان رۆمانیا، بەڵام چەندین گرووپیش لە ئەمەریکا ئاوارە بوون، وە پەیوەندیی باشیان لەگەڵ پەنابەرەکانی چیکۆسلۆڤاکیادا هەبوو، وە لە رێگای ئەوانەوە دوارۆژی خۆیان لە چیکۆسلۆڤاکیا دەبینییەوە.

داواکاریی چیکۆسلۆڤاکیا لە رۆمانیا بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی، بایەخێکی باشی هەبوو بۆ ئەم گرووپە، چونکە ئەوان دەیانویست لەژێر سایەی دەوڵەتی چیکۆسلۆڤاکیادا بژین.

بەڵام کارپاتۆ - رۆتێنەکان، بێجگە لە بەدیارنەکەوتنی نیشتمانی دایکیان، کێشەیەکی تریشیان هەیە، کە لەگەڵ مافی بڕیاردانی سەربەخۆییاندایە، لێکۆڵەرەوەکان دەیانویست ئەوەش بزانن ئایا چەندیان لەرووی زمانەوە، دەگەڕێنەوە بۆ خێوانی رووسی چونکە زمان گرنگییەکی زۆری هەیە، بۆئەوەی ئارەزووەکانی خەڵکەکە دیاری بکات بۆ ژیانیان لەگەڵ هەنگاریا، یان چیکۆسلۆڤاکیا، بەڵام رۆتێنەکان هەرگیز بەدوای ئەم پرسیارەدا ناگەڕێن، کە لەرووی زمانەوە سەر بە چ خێزانێکن چونکە زمان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەوان نەبوو. بەڵام لەوەوە پرسیارێکی تر سەرهەڵدەدا، کە ئایا رێکخستنی راپرسیی بۆ ئەم گرووپانە داخوازیی خەڵکەکە بووە، یان داخوازییەکی ئەفسووناوی سیاسی بوون، ئەم پرسیارە تەنیا بۆ ئەم گرووپانە گرنگی نییە، بەڵکو تەواوی راپرسییەکان ئەبێ زۆر بە وردی بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێن.

٨ی جوونی ٢٠١٧




## بەشی یازدەیەم و کۆتایی

### ناوچەی کێشە لەسەر لە ساڵی ١٩١٩ و لە ساڵی ١٩٩٤ دا

هەندێک لە داخوازییەکانی راپرسیی، دوای یەکەم جەنگی جیهانی، تاکو ئێستا وەک خۆیان ماونەتەوە، ئێستاش بەو رێبازە دەژین، هەرچەندە هیچ هۆیەک نییە، کە رێگا لە شەڕ بگرێت لەسەر سنوورەکان بەڵام هەندێ نموونەی تازە، ئەتوانن ئەوە روون بکەنەوە کە چۆن بۆچوونەکانی مێژوو، ئەمڕۆ بوونەتەوە، بە سیاسەتێکی گرنگی ئەوروپا.

بۆنموونە، ناوچەی ڤۆژ ڤودین لە سربیا، کە هاوسنوورە لەگەڵ هەنگاریاو رۆمانیا.ئەم ناوچەیە تاکو ساڵی ١٩١٨ بەشێک بوو لە هەنگاریا لە بەهاری ١٩١٩دا نوێنەرێکی یوگۆسلافیا، داوای راپرسیی کرد بۆ ناوچەکەو چارەنوسی خۆریان دیاری بکەن.لە مێژوویەکی کۆنەوە، لە بەشێکی باشووری ناوچەکەدا کرۆئاسیاو سرب دەژین. ئەم سەبانە لە جەنگەکانی تورکدا لە ساڵەکانی ١٦٨٣ - ١٦٩٩دا هاتوون بۆ ئەو ناوچەیە رژێمی هبسبورگ، ئازادییەکی تەواوی داونەتێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ مەجەرەکاندا بژین لە باشووری ئەو ناوچانەی لەسەرەوە ناومان هێنان، کە دەکەونە کرۆئاسیای ئەمڕۆ، ئەوانە لە سەرەتای ساڵی ١٥٠٠دا بوونەتە ناوچەیەکی سەربازی هبسبورگ دەسەڵاتی تەواوی هەبووە لەم ناوچانەدا، سربەکان تاکو ئێستاش لەو ناوچەیەدا دەژین کە دەکەوێتە ناو سنووری کرۆئاسیاکان. مرۆڤ ئەتوانێ لەرووی مێژووییەوە، بەتەواوی روونی بکاتەوە، کە لە دێرزەمانەوە سربەکان لەو ناوچەیەدا ژیاون، بەڵام لە بەڵکان هیرگیز بەتەنیا نەبوون، لە بەناتێت لەگەڵ هەنگارەکانو رۆمانییەکانو ئەڵمانەکاندا ژیاون. لە بارانییە لەگەڵ هەنگارەکانو ئەڵمانەکان ژیاون لە هیچکام لەم ناوچانەدا، لە سەردەمی دەوڵەتی یۆگۆسلافیادا دانیشتوانەکان داوای سەربەخۆیی خۆیان نەکردووە، تاکو



سەرچاوە Serchawe

لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی یوگۆسلافیا، کە زۆربەی ناوچەکانی دابەش کران ئەم بەدبەختییەی یوگۆسلافیا کە کێشەی شێرتێنی بەکارهێناو رایگەیاند: ((بۆچی ئێمە داوای راپرسیی بکەین، کە هەرگیز رووبەرووی داواکارییەک نەبووینەتەوە بۆ ئەم کێشەیە)).

## سەربەخۆیی خۆی وەرگرت

نموونەیەکی تری زیندووی ئەم کێشانە، کێشەی بێسارابینە لە ساڵی ١٩١٩دا، بەشێکی زۆری ئەم ناوچەیە لەسەردەمی جەنگی سارددا لەلایەن دەوڵەتەکانی رۆژئاواوە بە بەشێکی کۆماری سۆڤیەتی مۆلداڤیا ناسرابوو، وەکاتێ سۆڤیەت لەبەریەک هەڵوەشایەوە، ئەم کۆمارە سەربەخۆیی خۆی وەرگرت.

لەراستیدا دوو دەوڵەتی رۆمانی سنووریان بەسەریەکەوەیە.بەڵام مێژووی مۆڵداڤیا مێژوویەکی پڕ لە کێشەیە.کاتێ خۆی سێ میرنشین بووە (مۆڵداڤیا، ڤالاکیت وە تراتسیل ڤانییە)، ئەوەی دواییان دواتر بوو بە بەشێک لە ئیمپرانۆریەتی مەجەرەکان، دووەکانی تر بوون بەبەشێک لە دەوڵەتی عوسمانییەکان بەشێکی مۆڵداڤیا، بێسارابینە (لەنێوان رووباری دینستەرو پروت) لە ساڵی ١٨١٢ وە کەوتە دەستی رووسەکان بەڵام بەشەکەی تری مۆڵداڤیا، لە ساڵی ١٨٧٨ وە لەگەڵ ڤالاکیت بوو بە دەوڵەتی سەربەخۆی رۆمانیا. بۆیە ئەوە هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە کە رۆمانیا دوای یەکەم جەنگی جیهانی داوای بێسارابینەی کردووە. لە مانگی یەکی ١٩١٨دا، سوپای رۆمانیا توانی ناوچەکە ئازاد بکاتو لەو کاتەوە بە بەشێکی دەوڵەتی رۆمانیای دەزانێ، بەڵام دانیشتووانی ئەم ناوچەیە، هەرگیزخۆیان بە رۆمانی نازانن، سەرەرشای ئەوەش کە لە سەدا شەستیان ٦٠% بە زمانی رۆمانی دەدوێن.دانیشتووانی بەشی باکووری ناوچەکە زۆربەیان ئۆکرانینو رووسن.

## بەگشتی رازی نەبوون

رۆمانیەکان هەوڵێکی زۆریان دا، کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس رازی بکەن کە راپرسییەک لەسەرناوچەی بێسارەبین بکرێت، هەرچەندە دانیشتووانی ناوچەکە بەگشتی رازی نەبوون. لە مانگی ٥ی ١٩١٩دا پەرلەمانی رۆمانیا، رایگەیاند، ئەبێ بەهەر شێوەیەک بێت چارەسەری کێشەی ناوچەکە بکەن، ئەگەرچی بەشێکی دانیشتووانی ناوچەکە بە چاوێکی دوژمنانەوە بۆ رۆمانیا دەڕوانن لە نامەیەکدا بۆ کۆنفرانسی ئاشتی داوای ئەوەیان کرد کە بە زووترین کات راپرسیی بکرێت چارەنووسی ناوچەکە دیاری بکرێت.

ئەوەشیان روون کردبۆوە، کە بەهیچ شێوەیەک بۆ خەڵکی ناوچەکە نییە بەبێ راپرسیی، ئەو دەوڵەتە دیاری بکەن کە

دەیانەوێ لەگەڵیان بژین. سەرەرشای ئەوەی چەند جارێ کۆنفرانسی ئاشتی ئاگادار کرایەوە، بەڵام کێشەکە وەک خۆی مایەوە، هەموو جارێک وەڵامی دژیان وەردەگرتەوە، تاکو ساڵی ١٩٤٥ بێسارەبین بەشێک بوو لە رۆمانیا، لەو ساڵەوە یەکێتیی سۆڤیەت ناوچەکەی داگیر کرد.

بۆئەوەی وێنەیەکی روونی کێشەکانی ئەمڕۆمان بەتەواوی بۆ بەدیار بکەوێت، پێویستە چاوێک بە مۆڵداڤیای ئێستادا بخشێنینەوە، چونکە مۆڵداڤیا تەنها کە وانەیەکی هەڵتۆقیوی بێسارەبینەی رۆمانەکان بوو لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، دوای ئەوەی کە ستالین ئۆکرانیای لە باشوورەوە، لە لێوارەکانی دەریای رەشدا دابەش کرد، وە بۆکۆڤینا لە باکوردا. ئەم هەلومەرجە ناهەموارانە، ئەمڕۆ بوونەتە شوێنی لێدوانو هەست بە ترسکردنی بەرپابوونی پێکدادان لە ناوچەکەدا. زۆر سەختە کێشەی بێسارەبین لەیاد بکرێت. کە رۆمانیەکان لە ساڵی ١٩١٩دا داوای دەکرد، لە ساڵی ١٩٩١دا رۆمانیەکان مۆڵداڤیا، داوای ئەوەیان دەکرد، کە ناوچەکە بگەڕێتەوە بۆ هەناوی دایکەکەی، واتە (رۆمانیا) کە لەوکاتەوە کە دانیشتووانی دنستر(Dnestr) خەریکی خۆئامادەکردنی شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی بون دژی حکومەتی مۆڵداڤیا، ئەوە پەیوەندییە ناکۆکەکانی ناوچەکە، کەم، یان زۆر کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کێشەی سنوورەکان هەیە. بەدیارکەوتنی ئەم کێشەیەش لەکاتی شەڕی نێوان دنسترو مۆڵداڤیەکاندا زیاتر زەق بووەوە. زۆربەی لێکدانەوەکان، وا ڕادەگەیەنن کە تاکو دێت ئەم کێشەیە گەورەتر دەبێت. سەرکۆماری مۆڵداڤیا میرسیا سنێگۆر لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (Dagensnyheler) لە ٢٥ - ١٢ - ١٩٩١دا، وتی ((دڵی منی سەرکۆمار خوێنی لێدەچۆڕێ بۆ بۆکۆڤیناو ناوچەکانی باشوور)) لە سەردانی سەرکۆماری رۆمانیادا یون یلیێسکۆ (Ion Iliescu) بۆ مۆڵداڤیا لەرووی مێژووییەوە، شتێکی حەتمی نییە) ئێستا بەرەیەکی بەهێز هەیە کە داوای راپرسی دەکەن لە مۆڵداڤیا، بۆئەوەی لەگەڵ رۆمانیا یەکتر بگرنەوە.

## راپرسییەکانی ئەم دواییە

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانتارەکان لە هێلسنیک فۆش رووداوەکانی دوای یەکەم جەنگی جیهانی. وێنەیەکی ترمان دەدەنێ، سەبارەت بە راپرسییەکەی سلۆڤانیا لە ٢٣ -١٢- ١٩٩٠دا، کە ئێمە وەک رووداوێکی پرشنگداری ئەم سەردەمەمان تەماشا دەکرد.

بەهۆی دوو فاکتەری بەهێز دەتوانین بڵێین، کە راپرسییەکەی ١٩٩٠ بە تەواوی لەلایەن نێونەتەوەکانەوە وەک راپرسیی شێرنتێن لە ساڵی ١٩٢٠دا دانی پێدا نەنراوە.

فاکتەری یەکەم ئەوەیە، کە راپرسییەکە، لە پەیمانێکی نێونەتەوەییەوە سەرچاوەی نەگرتووەو تەنها لەلایەکەوە بڕیاری

لەسەر دراوە. بەبێ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی یۆگۆسلافیا، یان کۆمەڵەی نێونەتەوەییەکاندا وتووێژ بکرێت. دوای یەکەم جەنگی جیهانی ڕاپرسیی، ڕاستەوخۆ داخوازییەکی نیونەتەوەیی بووە، کە لە پەیماننامەی نێونەتەوەییدا بڕیاری لەسەر درابوو، هەروەها کۆمیتەی نێونەتەوەییەکان سەرپەرشتیی ڕاپرسییەکانیان دەکرد.

**بە لەبەرچاوگرتنی ڕاپرسیی ئۆلاندو فۆرال بێری، کە یەک لایەنەوە ئەنجامدرابوون.**

فاکتەری دووەم کە زۆر بەهێزو گرنگە، ئەوەیە کە ڕاپرسیی ئەم ساڵانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنوورەکان نییە، بەڵکو بۆ دیاری کردنی مافی سەربەخۆیی گەلەکانە، دیسان جیاوازیشی هەیە لەگەڵ ڕاپرسیی دانیشتووانی ئۆلاندو فۆرال بێری ڕاپرسیی سلۆڤانیا لە ساڵی ١٩٩٠دا، خاڵێکی گرنگی بەرنامەکەیان بوو، بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی.

ڕاپرسییەکانی ئەم دواییە، وای لە دەوڵەتە فیدراڵییەکان کرد، کە نەتەوەکانی دەوڵەتەکە ئەو سنوورە بشکێنن‌و داوای سەربەخۆیی نەتەوەیی بکەن،و نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێدا بنێ.ڕاپرسیی ئۆکرانیا، لە ١ - ١٢ -١٩٩١داو ڕاپرسیی ناوچەکانی بێسارەبین-مۆڵداڤیا، دوو نموونەی ئەم جۆرە ڕاپرسییەن.

## چاودێری کردنی ڕاپرسییەکان

زۆر گرنگە، کە ئاگادارییەکی تەواومان هەبێ لەسەر ڕاپرسیی نێونەتەوەیی‌و شێوەکانی، کە ڕێک دەخرێن بۆ چارەسەرکردنی سنوورەکان‌و ئەنجامدانی، ئەمە نەک تەنها بۆ لێکۆڵەرەوەکان بایەخێکی گرنگی هەیە، بەڵکو بۆ سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی، چاودێری کردنی ڕاپرسییەکان، پێیدەڵێن (سنوورە ڕاپرسییەکان) بەڵام ئەوانەی کە تەنها لەلایەکەوە ئەنجام دەدرێن، وەک (ئۆلاند فۆرال بێری) پێیان دەڵێن (پەیمانی یەکلایەنە) لەم دواییەدا پێشی دەڵێن (دەنگدانی گشتی).

وەلێ لەرووی زمانەوانییەوە وردبوونەوەی زۆر گرنگە، بۆئەوەی چەشنەکەی، وشیاری تەواو بدات بە خەڵک، لەو مانڤێستەش بکۆڵدرێتەوە کە لەوانەیە بێتە کایەوە.

لە کۆتایی ئەم باسەماندا، ئەوە دەڵێین، کە باوەڕێکی زۆر بەهێز هەبووەو بەردەوامە، کە ڕاپرسیی هەنگاوێکی سەرکەوتووانەیە ڕاستییەکە کە بەم ڕێگایە چارەسەری کێشەکانی سنوورەکان بکرێت. ئەگەر بەراوردێک لەنێوان ڕاپرسییەکانی ١٩٢٠ - ١٩٢١ دا بکەین، چ ئەوانەی کە نێو نەتەوایەتی دانی پێداون، یان ئەوانەی یەکلایەنە ئەنجام دراون، ئەوە دوو ئەنجامی گرنگ دەدات بە دەستەوە بەشێکیان، وەک ئامرازێکی سیاسەتی ڕەوا کاری کردووە لە دوای یەکەم جەنگی جیهانی، هیچ بڕیاردانێکی ڕاپرسی، ناوەرۆکێکی نەگەتیڤانەی لە لێدوانە سیاسییەکاندا، بۆ هاوپەیمانەکان

نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە مرۆڤ چاوەڕوانی سەرئەنجامەکانی ڕاپرسییەکانی باشووری شییرتێن، ئولسزتینو کیدزین دەکا بەشێوەیەکی تری ڕێبازەکە، وەک مانڤێستێکی سیاسی چالاکانە دەتوانێت کار بکات. سەرکردەکانی هاوپەیمانەکان، وازیان لە خەڵکی ئۆلاند نەهێنا، بە ئاشکرا ئارەزووەکانی خۆیان بە ڕاپرسی، دیاری بکەن، تا لەگەڵ سوید یەک بکرنەوە.ئەگەر چاوێک بە ڕۆژنامەی (Dagens nyheter) ی ڕۆژی (٣ - ٣ - ١٩٩١) دا بگێڕینو، لە ڕاپرسیی کۆمارەکانی بەڵتیک ورد بینەوە کە لە زستانی ١٩٩١دا کرا. ئەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە سەرکردەکانی بەئاشکرا ڕایانگەیاند، کە ئامانجمان لە ڕاپرسی، ئەوەیە کە وەڵام ئەو پروپاگەندانەی سۆڤیەتی کۆن بدەینەوە، کە دەیانوت، تەنها چەند گرووپێکی توندڕەوی نەتەوەیین، داوای سەربەخۆیی دەکەنو دەیانەوێ  لەژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت بچنە دەرەوە.

## دوای یەکەم جەنگی جیهانی

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی سیاسی واقیعی ئەمڕۆ زیاتر مافی بڕیاردانی سەربەخۆیی نەتەوەیی دەسەلمێنێ. لەگەڵ چالاکییەکانی تریشدا لە بواری سیاسەتی نەتەوەییدا دوای یەکەم جەنگی جیهانی تاکو ئێستا ئەم تیۆرە لەلای هەندێ کەس هەر ئەندێشەیە. بەڵام تاکو ئەو کاتەی کە مانڤێستی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاو سەنترالەکەی لەگەڵ ئامانجەکانی جیهانی ڕۆژئاوا یەک دەگرنەوە ئەوە لە پرەنسیپدا دانی پێدا دەنێن.

**بەڵام وەک ئەو ماوەیەی دوای یەکەم جەنگی جیهانی، هێشتا ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵک پێویستیان بە ڕێکخستنی یاساکان هەیە.**

ناهاوسەنگییەکی زۆر لە ڕێبازی چارەسەرکردنی نێونەتەوەییدا دەربارەی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان دەبینەدرێ. بۆ نموونە فەرەنساو ئەسپانیا بەتەواوی دەیانەوێ پەردەیەک بەسەر بارودۆخی وڵاتەکەیاندا بدەنەوەو کێشەکانی کۆرشیکان (Korsikan) کاتالان(Katalan)و باسکان (Baskan) بەڵگەیەکی زیندوونو ئامادەن بۆ سەربەخۆیی خۆیان، بەڵام تاکو ئێستا بێدەنگیان لێکراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ  -  ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠١٧

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧١٧ی کوردی  -  ٣ی ئاگۆستی ٢٠١٧ی زایینی

نۆژەنکردنەوە خاکەلێوەی ٢٧٢٥ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٥ی زایینی











سەرچاوە
Serchawe